# عێراق بە خۆی ڕێی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد خۆش دەکات!



محەمەد ڕەئوف محەمەد*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

دەسەڵاتدارانی ناوەند بڕیاریان دا دەستوور بلۆك بکەن و بە ماددەی ١٤٠ دەستیان پێکرد کە سێ بەند و قۆناغ لەخۆ دەگرێت بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەوە بوو پیلانیان دانا کە هێرش بکەنە سەر کەرکووك و داگیری بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی تایبەتیان بە ناوی هێزەکانی دیجلە پێکهێنا، بەڵام کێشەی بودجە و مافی گەلی کورد ئەوا لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە تاکو ئەمڕۆ بۆتە کێشە سەرەکی و جەوهەری لە نێوان بەغدا و هەولێر تا کار گەیشتە ئەوەی بە تەواوی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ بڕا، بەڵام کێشەی یاسای نەوت و غاز ئەوەیان لە دۆسێیە گەرمەکانە و بە دەستی بەغدایە کە یاری پێدەکات و ناوبەناویش شەڕی پێدەکات و بەمەش هەموو مافە دەستوورییەکان دەبەزێنێت.

سەرکردایەتیی کوردستانی و گەلی کوردستان بە تەواوی بڕوایان بە عێراقێکی یەکگرتووی فیدڕاڵ هەیە، بەڵام ڕەفتاری سیاسی و هەڵسوکەوتی بەغدا لە ماوەکانی ڕابردوودا پاڵ بە کوردەوە دەنێت کە بە زۆردارەکی پێداگری بکات لە سەر سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەت، چونکە کەرامەت و ئازادی لە هەموو شتێك خۆشەویستترن.

ئەمرۆ ئاسایشی ناوچەکە لە بەر هۆکارگەلی بابەتی و ستراتیژیگەلێکی راگەیاندراو لەلایەن هەندێ لایەنەوە کە ئەم هۆکارانەیان هێناوەتە ئاراوە، لە هەموو قۆناغێکی پێشتر ئاڵۆزتر و تێکچڕژاوترە. لەوەتەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵە ئاسایش و پێگەی عێراق قووڵاییەکی مێژوویی و واقیعییانەی لەسەر ئەم زەوییە هەیە. ململانێی ساسانی- رۆمانی و عوسمانی- سەفەوی، ئێرانی – عێراقی، دواتریش شەڕی تایفەگەری کە رەگ و ڕیشە و رەهەندگەلی ناوخۆ و دەرەکی هەیە. لەو ماوەیەدا و لە نێو جەرگەی ئەو رووداوانەدا عێراق بەگشتی و کوردستانیش بە گەل و خاکەوە بە شێوەیەکی تایبەتی سەرە ڕم و گۆڕەپانی پاکتاوکردنی سەربازی و سیاسی بووە، بۆیە ئاسایشی گەلی کورد و خاکەکەی زۆر بەردەوام نەبووە و کەوتۆتە بەر شاڵاوی پێشێلکاری و هیچ مانایەك بۆ سەقامگیری و جەوهەریش بۆ کەرامەتی مرۆڤ نەماوەتەوە. لەم دەروازەیەوە واقیع دەخوێنینەوە و ئاماژە بە دیدگای سەرکردایەتیی کورد و ئامانجەکانی گەلی کورد دەکەین.

دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا لە سەر بنەمای ئیتنی (عەرەب و کورد) و ریزگرتنی نەتەوە و ئایینزاکانی دیکە، هەموو پێکهاتە بنەڕەتییەکان بەشدارییان لە بنیادنان و پێکهێنان و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامەزراوە مەدەنی و سەربازی و کارگێڕییەکاندا کرد.

دوای ماوەیەکی کەم- بە ئەندازەی بنیادنانی ئەم دەوڵەتە- شەپۆلێکی کێشمەکێشی هزری و هاوکێشەگەلێکی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە نێوان جەمسەرە جیاوازەکاندا لە سەر گۆڕەپانی جیهانی و ئیقلیمیدا سەریان هەڵدا، عێراقیش لەبەر گرنگیی پێگەی جیۆسیاسی و ئابووری و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی نەوت، بوو بە سەنتەرێکی جەمسەرکێشی، بۆیە ئاگری دووبەرەکی و ناکۆکی هەڵگیرسا، فاکتەرەکانی لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتنەئاراوە، تا کار گەیشتە لێکترازانی بنەما و بنچینەکانی دەوڵەتی پاشایەتی لە رێی کودەتایەکی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٨دا. بەڵام کورد هیچ خێرێکییان نە لەم کودەتایە و نە لە کودەتا شوومەکەی ساڵی ١٩٦٨ نەبینی، کە کودەتایەکی تایبەتی حزبی و قەومی بوو، هیچ کەسێك پشکی تێدا نەبوو، تەنیا ئەگەر حزبی، یان قەومی بووایە. هەر لەو رۆژەوە تا بە ئەمڕۆش دەگات، گەلی کورد هیچ حەسانەوە، یان دڵنیایی، یاخود مافی دەستووری نەبووە، تەنانەت لە بەری رێککەوتننامەکانی نەخواردووە، چ لەگەڵ بەغدا لە ساڵانی شەستەکان، یان لە ئاداری ١٩٧٠ تەنانەت لە هەشتاکان و دواتریش لە ٢٠٠٣ بە دواوە، بەردەوام ئێمە لە قەیرانێك رزگارمان نەبووە، قەیرانێکی دیکە یەخەی پێگرتووین، لە ساڵی ١٩٧٠ پەیمانیان شکاند، لە ساڵی ١٩٧٤ هەر دوو شاری قەڵادزێ و هەڵەبجەیان بە چەکی قەدەغەکراو (ناپاڵم) خەڵتانی خوێن کرد، (من ئەو رۆژانەم لەبیر ناچێت کاتێ کە قوتابی بووم لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی و ئازیزترین خزمیشمان بە بەرچاومانەوە لە هەڵەبجە شەهید بوو).

لە ساڵی ١٩٧٧ حکومەت دەستی کرد بە راگواستنی زۆرەملێی گوندنشینان بە درێژایی سنووری نێوان تورکیا و عێراق، ئێران و عێراق و بە قووڵایی ٢٤ کیلۆمەتر، دواتر شکستترین و مەترسیدارترین سیستەمی ئیداری بەسەر راگوێزراواندا پیادە کرد کە بریتی بوو لە بێکاریی داپۆشراو دەرحەق پیر و بەساڵاچووان و بە سەربازکردنی یەدەگی لاوان و چەکدارکردنی کورد دژی کورد. ماوەیەکی زۆر گیرمان بەدەست ئەو رژێمەوە خوارد، کە ئاسەوارەکانی تا ئەمڕۆش هەر ماون، لە ساڵی ١٩٨٧ بەغدا ناوچەیەکی فراوانی بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کرد، بەو چەکانەی کە لە رووی نێودەوڵەتی و مۆڕاڵی مرۆییەوە قەدەغەن، دواترینیشیان بۆردومانی شاری هەڵەبجە بوو کە لە ئاکامدا پێنج هەزار شەهید و هەزاران بریندار و ئاوارەی بێلانەی لێکەوتەوە، ئەوانەیشی مابوون، ئاوارەی چیاکان بوون و دواتر چوونە نێو ئێرانەوە و زیاتر لە چوارساڵ لە خێوەتگاکاندا مانەوە. لە ساڵی ١٩٨٨دا حکومەتی بەغدا دەستی کرد بە ئەنجامدانی هەشت قۆناغی هەڵمەتی ئەنفال لە گوند و کۆمەڵگەکاندا کە قوربانییەکانی ئەم هەڵمەتە بە زیاتر لە ١٨٠ هەزار مرۆڤی بێتاوان مەزەندە دەکرێت، کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئەمڕۆ ناوبەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان بەدەر دەکەون کە ئەم هاووڵاتییانەیان تێدا زیندەبەچاڵ کراوە، دوای ئەوەی هەموویان گوللەباران کراون و دەنگ و هات و هاواریان دەگەیشتە عەرشی خودا. سەرکردایەتیی کورد ئەو هەموو کارەساتانەی لە بیر کرد کە لە شەڕی عێراق- ئێران روویاندا و هێرشی نەکردە سەر سوپای عێراق وەك رەچاوکردنێکی بارودۆخی ئەم شەڕە هەڵگیرساوە، بەڵام بێسوود بوو.

دوای شەڕی دووەمی کەنداو و داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە، دەرفەت بۆ گەلی کورد رەخسا، تا راپەڕێت و لە میانی راپەڕینەکەش سوپای عێراق کە ماندوو، بەزیو و شکستخواردوو بوو، نەیتوانی بەرگری بکات و کشانەوە، ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی ئەو سوپا بەزیوەش بە دیلی کەوتنە دەست گەلی کوردەوە، بەڵام ئەم گەلە بەوەفا و مرۆڤدۆستە و پێشمەرگەی کوردستانیش تۆڵەیان لێ نەسەندنەوە و هیچیان لێ نەکوشتن، بەڵکو بە سەر ماڵ و مزگەوت دابەشیان کردن و بەو پەڕی رێزەوە



خزمەتیان کردن کە بە سەدان و هەزارانیان گەواهی بۆ ئەم هەڵوێستە دەدەن.

لە ساڵی ١٩٩١دا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی لە ئەنجامی کۆڕەوی ملیۆن کەسی کورد دەرکرد کە (لە ترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفال) روویان لە ئێران و تورکیا کرد، دوای هێرشەکانی بەغدا بە تانك و چەکی قورس، دوای ئەم بڕیارە نێودەوڵەتییە گەل و حزبەکان یەکسەر گەڕانەوە شار و گوندەکان.

هەر یەکسەر دوای گەیشتنیان، ئەو حزبانە دەستیانکرد بە پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی هاوبەش لە ژێر سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی، گەلیش دەستی دایەوە ئاوەدانکردنەوە و لە میانی ساڵێکدا سەرکردایەتیی حزبەکان بڕیاریان دا هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمان ئەنجام بدەن و دواتر حکومەتی هەرێم پێکبهێنن. ئەم ئەزموونە ١١ ساڵی خایاند تا ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٣ رژێمی عێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە گۆڕا.

## هەڵوێستی کورد لە نێوان ١٩٨٨ بۆ ٢٠٠٣

لە ساڵی ١٩٩٨ تاکو ٢٠٠٣ سێ کۆنگرە، یان کۆبوونەوەی سەرەکی و بنەڕەتی لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سازکراوە، حزبە کوردستانییەکانیش لایەنی بنەڕەتیی ئەو کۆبوونەوانە بوون، یەکەم کۆبوونەوەش لە ئەمریکا و دوومیان لە لەندەن و سێیەمیشیان دوای چەند مانگێکی کەم بەر لە گۆڕینی رژێم لە هاوینەهەواری سەلاحەددین سازکرا. لە میانی ئەو کۆبوونەوانەدا بناغەکانی رەفتار و بنەماکانی پابەندبوونەکانی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بە هەموو پێکهاتە و شێوازەکان داڕێژران. هەروەها پرەنسیبە بنەڕەتییەکان کە هەموو لایەنەکان جەختیان لەسەر کردەوە و دواتریش لە دەستووری تازە نووسرانەوە کە بریتی بوو لە سیستەمی فیدڕاڵی و دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و فرەیی و بەها باڵاکانی ئیسلامی و مرۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و جیانەکردنەوە و پەراوێزنەخستن. بەڵام بەداخەوە ئەمە لە کۆمەڵگەی خۆمان سوودی نەبوو، دوای ئەو هەموو پابەندبوون و بەشداریکردنە کاریگەرییانەی حزبە کوردستانییەکان و گەلی کورد و لە بیرکردنی رابردوو و ئامادەبوونیان بۆ بنیادنانی عێراقێکی تازە بۆ هەمووان، ئەوەندەی نەبرد بیر لە پێچەوانەکەی کرایەوە و کەسانێك بە دژە ئاراستە کاریان کرد، ئەوانە خاوەن هێز و دەسەڵات و هەژموون بوون بۆ گرتنەدەستی جڵەوی حوکمڕانی و هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنەی تایفەگەری، رۆژ لە دوای رۆژ ئاگری دووبەرەکی پەرەی سەند، تا سووتەمەنی هاوکێشەکانی ئیقلیمی و پاکتاوکردنی حیساباتی ناوخۆیشی چووە سەر، لێرەو لەوێ چەندین تاقم و لایەنی جەمسەرگیری پەیدابوون کە ڕێڕەوی هەموو هاوکێشەکانیان گۆڕی، حکومەتەکانی عێراقیش بەرنامەی چاکسازی و گۆڕانکارییان پێ نەبوو، بۆیە بنیادنان و پەرەپێدان بووە شتێکی خەیاڵ و ئەستەم، کار گەیشتە ئەوەی کە هاووڵاتی نیشتمانی نەبێت و تەنیا بیر لە گوزەران و ژیانی بکاتەوە و هیچ دەوڵەتێکیش نەبێت کە داڵدەی بدات و سەروماڵی بپارێزێت، کەرامەتی مرۆڤ و ئازادی و مافەکانیشی زۆر لەوە کەمتر بن کە ئەو بیریان لێدەکاتەوە. دوای ئەوە دەسەڵاتدارانی ناوەند بڕیاریان دا دەستوور بلۆك بکەن و بە ماددەی ١٤٠ دەستیان پێکرد کە سێ بەند و قۆناغ لەخۆ دەگرێت بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەوە بوو پیلانیان دانا کە هێرش بکەنە سەر کەرکووك و داگیری بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی تایبەتیان بە ناوی هێزەکانی دیجلە پێکهێنا، بەڵام کێشەی بودجە و مافی گەلی کورد ئەوا لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە تاکو ئەمڕۆ بۆتە کێشە سەرەکی و جەوهەری لە نێوان بەغدا و هەولێر تا کار گەیشتە ئەوەی بە تەواوی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ بڕا، بەڵام کێشەی یاسای نەوت و غاز ئەوەیان لە دۆسیێیە گەرمەکانە و بە دەستی بەغدایە کە یاری پێدەکات و ناوبەناویش شەڕی پێدەکات و بەمەش هەموو مافە دەستوورییەکان دەبەزێنێت.

سیاسەتی ئەو حکومەتە لە هەمبەر ناوچەی رۆژئاوا و خەڵکی سوننە ئەوا نەك تەنیا سنووری پەراوێزخستنی



تێیپەڕاندووە، بەڵکو عێراقی کرد بە خاکێکی بەپیت بۆ سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و سیاسەتە شکستخواردووەکانی حکەمەتی ناوەند بەوە گەیشتن کە داعش سەرهەڵبدات و شاری موسڵ و دواتر چەند ناوچەیەکی دیکەی پارێزگا سوننەکان داگیر بکات، بەتایبەتیش دوای داگیرکردنی رومادی کە ئاسایشی بەغداش کەوتە بەر مەترسییەکی راستەقینەوە.

لە گەرمەی ئەو رووداوە تراژیدییانە و ئەو دەرئەنجامە خوێناوییانە و ئەو ستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی بەدوای خۆیدا هێنای، پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین و بەبێ هیچ منەتێك بە مێژوو بڵێین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو گەلی کورد هەڵوێستێکی مێژوویيان لە هەمبەر ئاوارەکانی سووریا و عێراق تۆمارکرد کە ژمارەیان گەیشتووەتە دوو ملیۆن ئاوارە، بە شێوەیەك کە هەموو تاك و خێزانێك بەشدارییان کرد لە پشتیوانیکردن و حەواندنەوە و بەدەنگەوەهاتنیان و بە هیچ شێوەیەکیش هەستەوەری و رق و کینەیان بەرامبەر نەگیراوەتەبەر، لە ئێستادا هاوولاتی عێراقی هەموو مافەکانی وەك هاووڵاتیانی کورد پارێزراوە، ئەمڕۆ فەرمانبەر و ئەندازیار مامۆستای زانکۆ بە سەربەرزی و رێزەوە لە کوردستان لە سەر ژیانی رۆژانەیان بەردەوامن و ئاسایشیان وەك هەموو هاووڵاتییەکی کورد پارێزراوە.

کەواتە دوای ئەو هەموو راستییە، هەموو خوێنەر و گوێگر و چاودێرێکی بێلایەن بە تەواوی دەزانێت کە دەست و ویستێك لە بەغداوە هەیە کە پاڵ بە گەلی کوردەوە دەنێ و بەرەو سەربەخۆبوون و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ رێی بۆ خۆش دەکات.

ئەوەی کە باسمان کرد گەواهی و بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە سەرکردایەتیی کوردستانی و گەلی کوردستان بە تەواوی بڕوایان بە عێراقێکی یەکگرتووی فیدڕاڵ هەیە، بەڵام رەفتاری سیاسی و هەڵسوکەوتی بەغدا لە ماوەکانی رابردوودا پاڵ بە کوردەوە دەنێت کە بە زۆردارەکی پێداگری بکات لە سەر سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەت، چونکە کەرامەت و ئازادی لە هەموو شتێك خۆشەویستترن. ئێمە لە ئازادیخوازانی دنیا دەپرسین: ئایا ئێستا شتێکمان لە بەردەمدا ماوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بپرسین کەی ئازادی و کەرامەت و بڕیاری خۆمان دەست دەکەوێت بەوەی کە چۆن بمانەوێ بژین و تا کەی ئیرادەی گەلێك زەوت بکرێت کە هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکەدا ژیان بەسەردەبات؟

***

*** سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**




**جۆن حەننا یەکێکە لە دبلۆماتە گەورەکانی ئەمریکاو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر(تورکیا، باکووری ئەفریقیا، سوریا و لوبنان، میسرو سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو و حزبوڵڵا و عێراق و فەلەستین و ئێران) ئەم دبلۆماتە بە ئەزموونە کە ئێستا راوێژکاری دامەزراوەی بەرگری و دیموکراتیە، ماوەی بیست ساڵ لە ئیدارەکانی جۆرج دەبلیو بوش و بیل کلینتۆن کاری دبلۆماتی کردووەو راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دیك چینی جێگری سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش بووە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی رۆژهەڵاتی ناوەراست، گوڵان داوای دیمانەیەکی تایبەتی پێشکەشی نووسینگەی جۆن حەننا کردو بەسوپاسەوە دیمانەکەی گوڵانی قبوڵ کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ساڵێکی تەواو تێدەپەرێت بەسەر دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، لەم ساڵدا ئەو تیرۆریستانە خاکی زیاتر داگیر دەکەن و بە بەراورد بە ساڵی رابردوو توانایەکی باشتریان هەیە. بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە، لە کاتێکدا ئەو خاکەی داعش دەستی بەسەردا گرتووە سنوورێکی داخراوی هەیەو هیچ دەروازەیەکی بۆ سەر دەریا نییە، هەروەها ئەوان خاوەنی هیچ فرۆکەخانەیەك نین. ئایا نهێنی بەهێزبوون و بەرفراوان بوونی داعش بۆچی دەگەرێتەوە؟**

ـ سەرەتا داعش سەلماندی کە دەتوانێت هێزێکی جەنگاوەری کارا بێت، واتە پتر وەك سوپایەك هەڵسوکەوتی دەکرد، نەك وەك گرووپێکی تیرۆریستی. فەرماندەو جەنگاوەرەکانی بە باشی پرچەك کراون و قاڵبووی شەرن. پێدەچێت خاوەنی داراییەکی بەهێزو هەواڵگرییەکی باش بن. پاڵنەری بەهێزیان هەیەو ئامادەن بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك کە پێویست بێت بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆیان بەسەر رکابەرو نەیارەکانیاندا، لە نێویاندا بەکارهێنانی درندانەترین- بە تاکتیکی ترساندن و تۆقاندنەوە- تاکتیك.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە داعش بەختێکی باشی هەبووە چونکە دوژمنەکانی لاوازن، بە شێوەیەکی سەرەکی هەردوو رژێمی دیمەشق و بەغدا دوو رژێمن بە رادەیەکی گەورە جەمسەرگیرو تایەفەگەرن، کە سیاسەتەکانیان بوونەتە هۆی ئەوەی بەشێکی گەورەی دانیشتووانەکەیان دوورەپەرێز بێت، بەتایبەتی پێکهاتەی سوننەکان. بە رادەیەکی گەورە سەرکەوتنی داعش بۆ شکستی حکومەتی عێراق دەگەرێتەوە. رەنگە زۆرێك لە سوننەکان خۆشحاڵ نەبووبێتن

جۆن حەننا راوێژکاری پێشووی سەرۆکی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# پێویستە ستراتیژیەتێکی شەراکەتی راستەقینە لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان دروست ببێت

بە داگیرکردنی شارو شارۆچکەکانیان لەلایەن داعشەوە، بەڵام بەرگرییان نەکرد و بەرهەڵستییان نەکرد. ئەم دوودڵیە قووڵەی نێو سوننەکانی عێراق بوو، هەروەها ئەو هەستە بوو کە ئەوان هیچ پشکیان نییە لە شەڕەکەدا بۆ بەرگری کردن لە حکومەتێك لە بەغدا کە حکومەتێکی سەرکوتکارو تایەفەگەر بوو و ئێران باڵادەست بوو بەسەریدا، ئەمەش دەرفەتێکی دروست کرد کە داعش زۆر زیرەکانە ئیستیغلالی کرد.

خاڵی سێیەم، کە شایستەی ئەوەیە جەختی لەسەر بکرێتەوە کە حکومەتەکەی مالیکی نەك هەر تەنها بە تەواوەتی هەستی دوژمنایەتی لە نێو سوننەکانی عێراقدا دروست نەکرد، بەڵکو کاریگەری و کارایی سوپای عێراق و هێزە ئەمنیەکانی بەتاڵ کردەوە. دامەزراوە شەرعیەکانی دەوڵەت کە ئەرکیان پاراستنی یاساو بەکارهێنانی هێزی ناچارکردن بوو، لە ناوبردران. ئەم دامەزراوانە بەدەستی سەرکردایەتی خراپ و گەندەڵی بەردەوام و ورەیەکی نزم و تایەفەگەریەوە گرفتار بوون. بە رادەیەکی گەورە سەلماندیان کە بێتوانان لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، چ جای ئەوەی لە عێراقیان بکەنە دەرەوە.

لە کۆتاییدا، دەبێت ئەوە بووترێت کە داعشیش سوودمەند بووە لە بوونی کاردانەوەیەکی تا ڕادەیەك لاواز لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیرۆریستی لە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرکردایەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لە ئاستێکی نزمدایەو هیچ وڵاتێکی دیکەش نەیتوانیوە شوێنی ئەمەریکا بگرێتەوە- لەم ڕووەوە-. ئیدارەی ئۆباما تێکشکاندنی داعشی بە بەرژەوەندیەکی بنەڕەتی ئەمەریکا دەستنیشان کردووە، بەڵام ئامادە نەبووە بۆ خستنەگە و تەرخانکردنی سەرچاوە دیبلۆماتی و ئابووری و سەربازی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە لە چوارچێوەیەکی زەمەنی ماقووڵدا.

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە زۆنێکی نێودەوڵەتی کە توندوتیژی باڵی کێشاوە بەسەریدا و باس لەوە دەکرێت کە ئەم ناوچەیە بەرەو شەڕێکی خوێناوی سەردەکێشێت لە نێوان شیعە و سوننەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئەم توندوتیژیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات؟**

- پێم وا نییە هیچ کەسێك بتوانێت بە متمانەوە پێشبینی ئەوە بکات کە ساڵێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبێت، چ جای ئەوەی دە ساڵی دیکە. جڵەوی پرۆسە مێژووییەکانی شەڕو توندوتیژی و ناسەقامگیری پچڕێنراون. زۆرێك لە سیناریۆ جیاوازەکان ئەگەری ڕوودانیان لێدەکرێت، کە زۆربەشیان سیناریۆی خراپن.

هەرچۆنێك بێت، ئەوەی دەتوانم بە بێ گرفت بیڵێم، ئەوەیە کە لە ڕوانگەی سیاسەت داڕێژەرانی ئەمەریکاوە، دوورەپەرێز

**حکومەتەکەی مالیکی نەک هەر تەنیا بە تەواوەتی هەستی دوژمنایەتی لە نێو سوننەکانی عێراقدا دروست نەکرد، بەڵکو کاریگەری و کارایی سوپای عێراق و هێزە ئەمنیەکانی بەتاڵ کردەوە. دامەزراوە شەرعیەکانی دەوڵەت کە ئەرکیان پاراستنی یاساو بەکارهێنانی هێزی ناچارکردن بوو، لەناوبردران**

سوننە توندڕەوەکانی داعش و ئەلقاعیدە لەلایەک، هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێران و گاردی شۆڕشی ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە. پێکەوە خەریکی لێکترازانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ئەمەش هەڕەشەی بەرپابوونی شەڕێکی سوننی- شیعی بەربڵاوو لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەیەکی پڕ لە توندوتیژی دەوڵەتە سەرەکییەکان و قەیرانی گەورەی پەنابەران و بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی و هەڵکشانی تیرۆریزمی سەرونەتەوەیی- لە نێویاندا بەکارهێنانی تیرۆریزم دژی ڕۆژئاوا-ی لێدەکەوێتەوە

بوون و خۆ بە دوورگرتن و دەستهەڵگرتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هێزەکانی پشێوی، سیاسەتێکی ژیرانە نییە. پاشەکشەپێکردن و کشاندنەوەی سەرجەم هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و تەماشاکردنی هەڵکشانی ساڵ لە دوای ساڵی شەڕی ناوخۆیی سوریا نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەمەریکا پتر سەلامەت بێت. بەپێچەوانەوە، بەڵکو-گرتنەبەری ئەم سیاسەتە- هاوکار و یارمەتیدەر بوو لە خولقاندنی بۆشاییەکی مەترسیدار کە بە شێوەیەکی دراماتیکی بووە هۆی باسك ئەستووربوونی دوو هێز کە مایەی گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی ئەمەریکا، کە ئەو دوو هێزەش بریتین لە سوننە توندڕەوەکانی داعش و ئەل قاعیدە لەلایەك، هەروەها کۆماری ئیسلامی لە ئێران و گاردی شۆڕشی ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە. پێکەوە ئەم دوو هێزە، خەریکی لێکترازاندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ئەمەش هەڕەشەی بەرپابوونی شەرێکی سوننی- شیعی بەربڵاوو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەیەکی پڕ لە توندوتیژی دەوڵەتە سەرەکیەکان و قەیرانی گەورەی پەنابەران و بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی وهەڵکشانی تیرۆریزمی سەرونەتەوەیی- لە نێویاندا بەکارهێنانی تیرۆریزم دژی ڕۆژئاوا-ی لێدەکەوێتەوە.

حاڵی حازر ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر تاریك دیارە، ئەمە مەسەلەیەکە کە هیچ گومانێك هەڵناگرێت. بەڵام من ترسم هەیە لەوەی ئەم ئایندەیە پتر تاریك بێت لە غیابی سەرکردایەتیەکی پێداگری ئەمەریکاو لە غیابی پابەندبوون بە جۆشدانی هیزەکانی سیستمی جیهانییەوە بۆ ئیحتیواکردن و پەراوێزخستنی ئەو هێزانەی کە ترس و تۆقاندن و پشێوی و دڕندایەتیەکی بێسنوور بڵاو دەکەنەوە.

***نەك هەر تەنیا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکستیان هێناوە، بەڵکو خودی سیستمی دەوڵەت لە ناوچەکەدا شکستی هێناوە، واتە دەوڵەتان ناتوانن پارێزگاری لە سەروەری خۆیان بکەن و دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا قۆرخ بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەوە دەکات دووبارە ئەم سیستمە ڕێك بخاتەوە، یاخود سنوورەکان دابڕێژێتەوە بۆ ئەوەی سەقامگیری بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە؟**

ـ هەر کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە دەتوانرێت بە ئاسانی سیستمی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێت ڕاستی نەپێکاوە. باوەڕم وایە مێژوو زۆر بە ڕوونی ئەوە دەخاتەڕوو کە لە دایکبوون و مردنی نەتەوەکان ڕووداوگەلێکی ئاشتیانە نین. بەپێچەوانەوە، بە شێوەیەکی گشتی، ئەو پرۆسەی لەدایك بوون و مردنە، هاوشانە بە ئاستێکی بەرزی توندوتیژی و خوێنڕێژی و ئێش و ئازاری مرۆیی. کە پێشوەختە پێشبینی تەواوی دەرئەنجام و ئاکامەکانی ناکرێت. ئەوەتان لە بیر نەچێت ئەمە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە نزیکەی هیچ شتێك تێیدا بە گوێرەی پلان بەڕێوە ناچێت و تێیدا بەهاری عەرەبی لە شەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕێت بۆ زستانی عەرەبی. لە ئێستادا ڕەوشەکە خراپە. بەڵام دەکرێت خراپتر بێت، زۆر خراپتر.

بە دڵنیاییەوە، دەکرێت ڕووداوەکان ئەوەندە بە ئاقارێکی خراپدا بڕۆن کە هیچ بژاردەیەکمان لەبەردەمدا نەمێنێتەوە جگە لە دووبارە داڕشتنەوەی بەشە سەرەکیەکانی ئەو نەخشە ناوچەییەی لە ئێستادا لە ئارادایە. بەڵام نابێت هیچ کەس خۆی فریو بدات بەو باوەڕەی کە ئەمە پرۆسەیەکی ئاسان یان سادە دەبێت. دەکرێت ئومێدی باشترین دەرئەنجام بخوازین، بەڵام دەبێت پلان بۆ خراپترین دەرئەنجامیش دابنێین.

*** لە نێو ئەو گۆڕانکاریانەدا کە وا پێشبینی و چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەن، ئەوەیە کە دەبینین کە هەر یەکە لە سعودیە و ئێران و تورکیا پرۆژەی خۆیان هەیە، بە تایبەتی سعودیە و ئێران تورکیا هەموویان دەیانەوێت کاریگەر بن لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و جێ پەنجەیان هەبێت لەسەر نەخشەی ئایندەی ناوچەکە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ڕۆژئاوا دەتوانێت هاوسەنگی نێوان ئەو پرۆژە جیاوازانە ڕابگرێت؟**

ـ گرنگترین کارێك کە ئەمەریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات بریتیە لە پاراستنی ڕۆڵی خۆی وەك بەهێزترین کاراکتەری ناوچەکە و سازدانی هاوپەیمان و دۆستەکانی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی جەماعی کە بە ئامانجی پەرەپێدانی بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داڕێژرابێت، ئەو بەرژەوەندیانەش بریتیە لە ئاسایش و سەقامگیری و چاکسازی.

مەترسیدارترین کارێك کە ئەنجامی بدەین ئەوەیە ڕێگە بە قووڵبوونەوەی ئەو تێڕوانینە بدەین کە ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشە دەکات یان دەکشێتەوە. ئەمە بۆشاییەکی مەترسیدار دروست دەکات لە ناوچەکەدا کە هەم دۆستەکانمان و هەم دوژمنەکانمان هەوڵ دەدەن بە شێوەیەك پڕی بکەنەوە کە ئەگەری ئەوە نییە خزمەت بە بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی ئەمەریکا بکات.

*** ئەمەریکا هەموو کارێك کە لە دەستی بێت ئەنجامی دەدات بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق، ئەمە لە کاتێکدا لەسەر ئەرزی واقیع عێراق دابەش بووەو حکومەتی مەرکەزی تەنیا دەسەڵاتی لە بەغدا و شارەکانی شیعەکانی باشوور هەیە، بە دەربڕینێکی دیکە حکومەت تەنیا نوێنەرایەتی شیعەکان دەکات لە وڵاتەکەدا، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەدا کە پێداگیری ئەمەریکا لەسەر یەکپارچەیی عێراق خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئێران دەکات، چونکە عێراقێکی یەکگرتوو شیعەکان زاڵ دەبن بەسەریدا؟**

- ئەو کێشەیەی کە سیاسەتی ئەمەریکای گرفتار کردووە، بریتیە نییە لە ئامانجی بەدەستهێنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ و یەکگرتوو. کێشەکە بریتیە لە شکستهێنان لە گرتنەبەرو پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەی دەبوونە هۆی زیاترکردنی دەرفەتەکانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە.


هیچ گومانێکم نییە کە پێویستە مەشق و ڕاهێنان و هەماهەنگی ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەرفراوان بکرێت و قووڵتر بکرێتەوە. پێویستە بڕەودان بە شەراکەتێکی ستراتیژی ڕاستەقینە لە نێوان ئەمەریکاو هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی بەهێزو گەشەکردوو بێت و چاکسازی تێیدا ئەنجام درابێت، ئامانجێکی سەرەکی سیاسەتی ئەمەریکا بێت

پاڵپشـــتیکردنی مالیکی بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران- لە ســـاڵی ٢٠١٠دا- هەنگاوێك بوو لەبری بەهێزکردنی یەکێتی عێراق، ئەو یەکێتیەی لاواز کرد. دەستڕۆیشـــتوویی ئێرانی پتەوتـــر کرد لە بری ئەوەی لاوازی بکات. هەمان شـــت بۆ کشـــانەوەی ئەمەریکا لە عێراق- لە ساڵی ٢٠١١- ڕاستە. ئەمە بۆشاییەکی گەورەی دروست کرد کە بووە هۆی ئەوەی تایەفەگەرییەکی زیاتر و دابەشبوون و دەستێوەردانی زیاتری ئێران بێتە ئاراوە- نەك کەمتر.

بە هەمان شـــێوە، دەتوانین تـــا ڕاددەی دڵنیایی بڵێین کە حاڵی حازر ئامادەیی ئەمەریکا بۆ بوواردان بە میلیشـــیا شـــیعەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشـــتی دەکرێن بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع شەڕ لەگەڵ داعشدا بکەن، دەرئەنجامی

- دوای چەند پاشەکشـــەیەك لە مانگی ئابی ڕابردوودا، کورد لە عێراقدا پاڵەوانانە شـــەڕیان لەگەڵ داعشدا کردووە، توانیوانە نزیکەی سەرجەم ئەو خاکانەی هەرێمی کوردستان بەدەســـت بهێننەوە کە لە دەستیان دابوو. پشتیوانی ئاسمانی ئەمەریـــکا گرنگیەکـــی یەکلاکەرەوەی هەبـــوو لەو هەوڵ و کۆششـــانەدا، کە پشـــتیوانیەکی بەرفراوانـــی لێدەکرێت لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی. هیچ گومانێکم نییە کە پێویســـتە مەشق و ڕاهێنان و هەماهەنگی ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمی کوردســـتاندا بەرفراوان بکرێـــت و قووڵتر بکرێتەوە. پێویســـتە برەودان بە شـــەراکەتێکی ســـتراتیژی ڕاستەقینە لـــە نێوان ئەمەریـــکا و هەرێمی کوردســـتان کە هەرێمێکی بەهێزو گەشـــەکردوو بێت و چاکسازی تێیدا ئەنجام درابێت،

**ئەمە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە نزیکەی هیچ شتێک تێیدا بە گوێرەی پلان بەڕێوە ناچێت و تێیدا بەهاری عەرەبی لە شەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕێت بۆ زستانی عەرەبی، لە ئێستادا ڕەوشەکە خراپە. بەڵام دەکرێت خراپتر بێت، زۆر خراپتر**



- **ماوەی ٢٠ ســـاڵ لەبەرزترین ئاستی سیاســـەتی دەرەوەی ئەمریکا کاریکردووە و لەماوەی ئەم ٢٠ساڵەدا ئەزموونی لەسەر تورکیا و باکووری ئەفریقیا و لوبنان و ســـوریا و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و میســـرو سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو عێراق و حزبوڵڵا و فەلەستین و ئێران هەیەو ڕاستەوخۆ بەفەرمی لەسەر ئەم دۆسیێانە کاری کردووە.**
- **لە ئیدارەی یەکەمی جۆرج دەبلیو بوشـــدا جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشـــی نەتەوەیی ســـەرۆك بوش بووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**
- **لـــە ئیدارەی دووەمی جـــۆرج دەبلیو بوش بۆتە ڕاوێژکاری ئاسایشـــی نەتەوەیی دیك چینی جێگری ســـەرۆك کۆماری ئەمریکا.**
- **پێشتریش گەورە ڕاوێژکاری ستافی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وارن کریستۆڤەر بووە لە ئیدارەی کلینتۆن.**
- **لە ئیدارەی جۆرج بوشـــی باوکدا، ســـەرۆکی ســـتافی پلاندانان بووە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ جیمیس بیکەر.**
- **لەدەرەوەی کاری حکومەت، جۆن حەننا گەورە تۆژەر بووە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵات.**
- **ئێستاش گەورە ڕاوێژکارە لە دامەزراوەی بەرگری و دیموکراتی (FDD).**


پێچەوانـــەی لێدەکەوێتـــەوە. دەکرێت هەندێ ســـەرکەوتنی تاکتیکی بەدەست بهێنێت بەســـەر داعشدا، بەڵام لە هەمان کاتدا سەردەکێشـــێت بۆ زیاتر دوورەپەرێزخستنی سوننەکان و پتەوترکردنی باڵادەستی ئێران بەسەر بەغداوە. ڕەنگە شەڕەکە ببەینەوە، بەڵام شـــەڕی بنیاتنانـــی دەوڵەتێکی عێراقی کار دەدۆڕێنین، دەوڵەتێك کـــە ئەگەرچی بە ڕاددەیەکی گەورە بە نامەرکەزی کرابێت بەڵام دەوڵەتێکی خاوەن ســـەروەری و سەربەخۆی و یەکگرتوو بێت.

*** کێشـــەی کورد یەکێکە لە کێشـــە هەڵپەسێردراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، حاڵی حازر ئـــەوە تەنیا کوردە کە توانیویەتی لەسەر ئەرزی واقیع تیرۆریزم تێکبشکێنێت، لەوەش زیاتر، کـــورد خاوەنی بەهای هاوبەشـــن لەگەڵ ئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوادا و لە هەمان کاتدا کورد خوازیاری بەدەست هێنانی ســـەربەخۆیین، بە بۆچوونـــی ئێوە تا چ ڕاددەیەك دامەزراندنی کوردســـتانی سەربەخۆ بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش؟**

ئامانجێکی ســـەرەکی سیاسەتی ئەمەریکا بێت و ستونێکی گرنگ بێت بـــۆ دووبارە بەدەســـتهێنانەوەی —بەلای کەم- ئاستێك لە سەقامگیرو ئاسایش لە ناوچەکەدا.


لە کاتێکـــدا هەرێمی کوردســـتان ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینیوە لە شـــەڕی دژ بە داعشـــدا، بەڵام بـــاوەڕم وایە لە کۆتاییدا لایەنی ســـەرەکی بۆ تێکشکاندنی داعش بەندە بە سوننەکانەوە نەك بە کوردەوە. کورد نە دەتوانن، نە دەیانەوێت و نە پێویســـتە ئەو لایەنە بن کە لە کۆتاییدا داعش لەســـەر دەســـتی ئەوان تێکبشکێت و لە شـــارەکانی ئەنبار و نەینەوا دەربکرێن. تەنها پێکهاتەی سوننەی عێراق دەتوانن ئەو کارە بکەن. ئەوە خاکی ئەوانە، ئەوانە شاری ئەوانە و شارۆچکەی ئەوانن. پێویســـتە ئەمەریکا و هەرێمی کوردســـتان و باقی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە هەمووشی گرنگتر حکومەتی عێراق هەمو کارێك ئەنجام بدەن کە لەدەستیان بێت بۆ ئەوەی سوننەکانی عێراق دژ بە سوننەکان بجووڵێنن لە دژی داعش و پێکهاتەکەیان بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

**دوورەپەرێز بوون و خۆبەدوورگرتن و دەستهەڵگرتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هێزەکانی پشێوی، سیاسەتێکی ژیرانە نییە. پاشەکشەپێکردن و کشاندنەوەی سەرجەم هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و تەماشاکردنی هەڵکشانی ساڵ لە دوای ساڵی شەڕی ناوخۆیی سوریا نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەمەریکا پتر سەلامەت بێت**



پڕۆفیسۆر ستیڤن ڤان ئیڤێرا لە زانکۆی ماسیۆشید بۆ گوڵان:

# ئەگەر بەغدا دەسەڵات و داهات بە شێوەیەکی راستەقینە دابەش نەکات، ئەوا عێراق خۆی دابەش دەبێت



**پرۆفیسۆر ستیڤن ڤان ئیڤێرا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماسیۆشید تەکنەلۆژی و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سەر کۆمەڵێك بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەوانە ڕێگرتن لە شەڕ، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی ئاسایش و دەستێوەردانی ئەمریکا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی داعش لە ماوەی ساڵی ڕابردوو، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

***ساڵێکی تەواو بە سەر دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە تێدەپەڕێت، لەو ساڵەدا ئەو تیرۆریستانە خاکی زیاتریان داگیرکرد و ئێستا بەراورد بە ساڵی ڕابردوو توانایەکی باشتریان هەیە. بە بۆچوونی ئێوە، لە کاتێکدا ئەو خاکەی داعش دەستی بەسەردا گرتووە، سنوورێکی داخراوی هەیە و هیچ دەروازەیەکی بۆ سەر دەریا نییە، هەروەها ئەوان خاوەنی هیچ فڕۆکەخانەیەك نین. ئایا نهێنی بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی داعش بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە. پێموایە بەشێکی بۆ بێتوانایی و توندڕەویی موعارەزەکانیان دەگەڕێتەوە. بە بۆچوونی من نهێنی بەهێزییان لە عێراقدا بریتییە لە شۆڤینییەتی شیعەکان کە زاڵن بە سەر حکومەتی بەغدادا، حکومەتی بەغدا بە گونجاوی نەزانیوە دەسەڵات و داهات لەگەڵ سوننە، یان کورددا دابەش بکات. ئەگەر حکومەتی بەغدا دەسەڵات دابەش بکات، ئەوا داعش بە ڕاددەیەکی زۆر لاواز دەبێت. بەهێزبوونیان لە سووریا -ش بۆ دڕندایەتی و دڵڕەقیی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، هەروەها بۆ بێتوانایی ئەوەی پێی دەوترێت موعارەزەی میانڕەو دەگەڕێتەوە، هەروەها هەندێ وڵاتی ناوچەکە بە نهێنی بوونەتە هۆی بەهێزبوونی داعش، کە بە تەواوەتی بەرهەڵستی داعشیان نەکردووە، بەتایبەتی تورکیا، کە بواری داوە لە ڕێی وڵاتەکەیەوە خەڵکانێك بچنە نێو داعشەوە. لە سەرەتای شەڕەکەشەوە سعودییەش پێوەندی لەگەڵ داعشدا هەبوو. کەواتە هۆکارەکە بێتوانایی و توندڕەوی دوژمنەکانیانە، بەتایبەتی حکومەتی بەغدا و حکومەتی دیمەشق، بە هەمان شێوە چاوپۆشی حکومەتە لە سوننەی عەرەب و

**کارێکی باش دەکەن کە ئێستا لەسەر ئاستی ڕۆژنامەگەری باسی سەربەخۆیی دەکەن، چونکە کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٠٧ کە باسی دابەشبوون دەکرا، بەتایبەتی کە جۆ بایدن- لەو کاتەدا سیناتۆر بوو- و بیرۆکەی دابەشبوونی عێراقی باس کرد، وەڵامەکە ئەوە بوو کە کەس لە عێراقدا لەگەڵ دابەشبووندا نییە**

**پێشمەرگە – لە ڕووی سەربازییەوە- تاکە هێزە بۆ ئیحتیواکردنی داعش و نابێت بچنە باری هێرشبردنەوە، ئەگەر بچنە نێو ئەو خاکانەوە کە خاکی عەرەبن، جێی پرسیار دەبێت**

غەیرە عەرەبی ناوچەکە. لە هەمان کاتدا داعشییەکان خۆشبەخت بوون لە دەستبەسەرداگرتنی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکان، کە هەندێ لەو داگیرکارییانە لە ڕووی داراییەوە دەوڵەمەندی کردن و پێدەچێت مۆدێلێکی کارای کۆکردنەوەی داراییان هەبێت، هەرچەندە هەروەك ئێوە دەڵێن سنوورێکی داخراویان هەیە و هێڵی ئاسمانی و دەریایشیان نییە.

*** لە سەر ئەرزی واقیع عێراق دابەش بووە و حکومەتی مەرکەزی تەنها دەسەڵاتی لە بەغدا و شارەکانی شیعەکانی باشوور هەیە، بە دەربڕینێکی دیکە حکومەت تەنها نوێنەرایەتی شیعەکان دەکات لە وڵاتەکەدا. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەدا کە پێداگیری ئەمریکا لە سەر یەکپارچەیی عێراق خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی ناکات، چونکە لە عێراقێکی یەکپارچەدا شیعەکان بە سەریدا زاڵ دەبن؟**

- ئەوەی پەیوەستە بە پرسی یەکێتی لە بەرامبەر دابەشبوونی عێراق و ئەوەی ئایا دەستڕۆیشتوویی ئێران بە دابەشبوونی عێراق زیاتر دەبێت، یان دادەکشێت، ئەوا پێموایە ئێران تا ئەو کاتەی شەڕی ناوخۆ، یان هەر شەڕێکی دیکە هەبێت، لە ناوچە شیعەنشینەکان دەستڕۆیشتوویيەکی گەورەی دەبێت، چونکە شەڕکردن لەگەڵ سوننەکان دەبێتە هۆی ئەوەی شیعەکان لە ئێران نزیك ببنەوە. باوەڕم وایە ئەگەر ئاشتی لە ئارادا بێت، ئەوا شیعەکان بە سەربەخۆیی و دوور لە دەستڕۆیشوویی ئێران هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام هەموو شەڕە ناوخۆییەکان دەرفەتێکن بۆ هێزە دەرەکییەکان بۆ درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان، ئەمە بۆ ئێرانیش ڕاستە، چونکە ئەو لایەنانەی لە شەڕی ناوخۆوە تێوەگلاون، پێویستییان بە هاوپەیمان هەیە و بانگهێشتی هێزی دەرەکی دەکەن. ئەمەمان جار لە دوای جار لە شەڕی ناوخۆیی ئەفغانستان و شەڕی ناوخۆیی چیچاندا بینیوە. بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی دابەشبوونی عێراق ببێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئەوەی ئەم دەستڕۆیشتووییە کەم دەکاتەوە هێنانەئارای ئاشتییە، دەکرێت ئاشتی لە ڕێی دابەشکردنی وڵات و دەکرێت لە ڕێی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە بەدی بێت، ئەمە دوو حاڵەتی میسالین. من دەزانم لە ماوەی دوانزە ساڵدا هەوڵدراوە دەسەڵات دابەش بکرێت - لە عێراقدا- و هەمیشە شیعەکان ڕەتیان کردۆتەوە. کەواتە شەڕی ناوخۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران زیاد دەکات. دەکرێت لە دوو ڕێگەوە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی بهێنێت، یان دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان شیعە و سوننە و کورددا — کە ئەوانیش سوننەن- یاخود دابەشکردنی وڵاتەکە. ئەگەرچی دابەشبوونی وڵاتیش خۆی لە خۆیدا هەڵگری پشێوییە و ئەگەر باس لە دابەشبوونی ئەمری واقیعیش بکرێت، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە کێ حوکمڕانیی بەشە سوننەکەی عێراق دەکات؟ بێگومان ئەو کاتە داعش دەبێتە حوکمڕان، ئەوەش قابیلی قبووڵ نییە، دواتر چۆن ڕێگری لە هەڵکشانی دەوڵەتی داعش دەکرێت؟ بۆ ئەمەش وەڵامێکی ڕوون نییە.

***کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، حاڵی حازر ئەوە تەنها کوردە کە توانیویەتی لەسەر ئەرزی واقیع تیرۆریزم تێکبشکێنێت، لەوەش زیاتر، کورد خاوەنی بەهای هاوبەشن لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوادا، لە هەمان کاتیشدا کورد خوازیاری بەدەستهێنانی سەربەخۆیین، بە بۆچوونی ئێوە تا چ ڕاددەیەك دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت؟**

- من لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدام و باوەڕم وایە پێویستە دەوڵەتی کوردی هەبێت و کورد شایستەی ئەوەیە دەوڵەتی هەبێت. لە بەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو دەوڵەتانی ناوچەکە، تورکیا و عێراق و سوریا مامەڵەیەکی ناڕەوایان لەگەڵ کەمینەی کورددا کردووە. لەبەر ئەو هۆکارانە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدام، بەڵام ئەم هەنگاوە هەڵگری مەترسی گەورەیە. دەبێت لە دابەشبوونی ڕابردوو بڕوانن، کە هەندێ جار پرۆسەیەکی خوێناوی بووە، ئەگەر لە دابەشبوونی هیندستان بڕوانن لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەوا پتر لە یەك ملیۆن کەس کوژران و گەورەترین شەپۆلی ئاوارەی لە مێژوودا دروستکرد. هەروەها دابەشبوون و دووبارە دابەشبوونەوەی تورکیا و یۆنان بووە هۆی ڕاگواستنی خەڵکانێکی زۆر لە هەردوولا، زۆر کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت لە کاتی دابەشبوونی یۆگسلافیادا. تەنانەت جیابوونەوەی سودانی باشووریش- کە من لەگەڵیدا بووم- دووچاری دژواری بۆوە. لەبەر ئەوە دەبێت زۆر بە وریاییەوە کاری بۆ بکرێت و ڕێکبخرێت. من لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدام و پێموایە لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی هێنانەدی ئاشتی لە ناوچەکە، ئەگەر بە وریاییەوە پلانی بۆ دابنرێت. سەبارەت بەوەش کە ئایا دەکرێت کێشەی داعش ئیدارە بدرێت؟ من باوەڕم وانییە کورد چارەسەر بن بۆ کێشەی داعش، ڕەنگە دابەشبوون چارەسەر بێت بۆ کێشەی داعش. ئەگەر سوننەکان چیتر لەوە نەترسن بکەونە ژێر باڵادەستی بەغداوە — کە شیعە زاڵە بەسەریدا- ئەوا پتر ئامادەییان

دەبێــت بۆ ئەوەی لە ژێر حوکمڕانیی داعش بێنەدەرێ، ئەگەر ڕاشکاو بین لە بارەی خەونەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، ئەوا خەونی سەرەکیی کورد سەربەخۆییە و لەو بڕوایەدام کوردســـتان پێشمەرگە ڕەوانەی قووڵایی خاکی ســـوننە ناکات، بۆ پاراستنی ئەو خاکانە، ئەوان ئــەم کارە ناکــەن و نابێت کەس پێشـــبینی بکات کە ئــەوان ئەم کارە دەکەن. پێشـــمەرگە دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر ســـوودبەخش ببینێت بــە ئیحتیواکردنی داعش و نابێــت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت بەدوای داعشـــدا بچن و هێرش بکەنەســـەریان. ڕەنگە دابەشـــبوونی عێراق دەرئەنجامێکی باشـــی لێبکەوێتەوە، لـــەو ڕووەوە کە ســـوننەکان چیتر پاڵپشتی داعش نەکەن، لەبەر ئەوەی ترسیان لەوە نامێنێت بکەونە ژێر باڵادەستیی شیعەکانی باشوورەوە. شـــیکردنەوەی من ئەوەیە کە داعش سوود لە ئەو ڕق و ترســـە وەردەگرێت کە ســـوننەکان هەیانە بەرامبەر شیعە و ترسی ئەوەیان هەیە دڵڕەقانە لەلایەن شیعەکانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، کاتێك ئەو ترسە دەڕەوێندرێتەوە، ئەوا ئاسانتر دەتوانین قەناعەت بە ســـوننەکان بکەین کە خۆیان لە ژێر حوکمڕانیی داعش ڕزگار بکەن، لێرەدا دەکرێت مشتومڕی ئەوە بکەین کە ڕێگەی ئاسان بۆ ئەو کارە ئەوەیە عێراق بۆ سێ بەش دابەش بێت.

***بەڵام لە مێژووی چەند دەیەی ڕابردوو جیابوونەوەی ئاشتییانەش ڕوویداوە، لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- ئاشتیانەترین جیابوونەوە بریتی بوو لە دابەشبوونی چیکۆسلۆڤاکیا بۆ چیك و سلۆڤاکیا، کە زۆر ئاشتییانە بوو، هیچ توندوتیژییەکیشی تێدا ڕووی نەدا. هەروەها هەندێ بەش زۆر بە ئاشتییانە لە یوگسلافیا جیابوونەوە، وەك سلۆڤینیا و مەقدۆنیا. کێشەکان هەموویان لە نێوان سرب و کروات و بۆسنییەکاندا ڕوویان دا، یەکێتی سۆڤیەت بۆ ١٥ وڵات دابەش بوو. هەندێ لەوانە توندوتیژییان لە خۆ گرت، وەك ئـــەوەی لە ناوچەی قەوقازدا ڕووی دا، ســـنوورەکانی دیکە بە بێ توندوتیژی دروستکران، وەك ئەوەی لە ناوچەی بەلتیکـــدا ڕووی دا. جیابوونەوەی ئۆکرانیا ئاشتییانە بوو، بەڵام ئێستا لە شەڕدان. هەروەها پرۆسەی کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزم لەلایەن ئەوروپاوە هەندێکیـــان توندوتیژییان لە خۆ گـــرت و ئەوانی دیکە ئاشتیانە بوون. وەك کورد دەکرێت دابەشبوونی ئاشتییانە ئەنجام بدەن، بەڵام دەبێت سەرەتا بیر لە هەندێ مەسەلە بکەنەوە، بۆ نموونە: ئایا چارەنووسی سنووری کەرکووک چی دەبێــت و چۆن یەکلا دەکرێتەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا دابەشـــبوونەکە ڕوویداوە و تەنها ئەوەی ماوە بە ڕەسمی بکرێت.

***لە مـــاوەی ڕابـــردوودا پێوەندییەکانـــی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەوپێش چوون، ئایا پێشبینی ناکەن پێکدادان لەسەر ئەم بارودۆخە ڕوویدات؟**

- پێویستە بایەخ بەوە بدەین و دڵنیا بین لەوەی کە ئەمە حاڵەتەکە بێت. من هاوڕام لەگەڵتاندا، بە بەراورد بە ١٥ ساڵ پێش ئێســـتا تورکیا پتر ئامادەیە بۆ قبووڵکردنی دەوڵەتـــی کوردی. من بەم شـــێوەیە پوختی دەکەمەوە، ئەگەر نوێنەرانی کورد لـــە ڕۆژئاوا بڕوا بەوە دەدەن کە ئەوان چارەسەرن بۆ داعش، ئەوا بە باوەڕم ئەمە کارێکی باشە، ئەگەر من لە جێی ئەوان بوومایە ئەو کارەم دەکرد و ئەوەم دەوت و ئەمەش دەنگدانەوەی باشی دەبێت لای ئەمریکا. بەڵام هەروەك وتم مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە باوەڕم وایە پێشمەرگە — لە ڕووی سەربازییەوە- تاکە هێزە بۆ ئیحتیواکردنی داعش و نابێت بچنە باری هێرشبردنەوە، ئەگـــەر بچنە نێو ئەو خاکانەوە کە خاکی عەرەبن، جێی پرســـیار دەبێت، بەڵام ڕەنگە دابەشـــبوون چارەســـەری بەشـــێکی کێشەی داعش، یاخود چارەسەرێکی کارا بێ بۆ کێشـــەی داعش، ئەویش بە ڕەواندنەوەی مەترسیی زاڵبوونی شـــیعەکان بە سەر عەرەبە سوننەکاندا، کەواتە بیرۆکەی دابەشـــبوون بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوکارە بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکە، لەبەر ئەوەی ئەو پاساوە لە دەســـتی داعش دەردەهێنێت کە ئەوان سوننە لە دەستی باڵادەستبوونی شـــیعە ڕزگار دەکەن، چیتر ناتوانن ئەم کارە بکەن، هەر کاتێك شیعە بە ڕەسمی ڕایگەیاند چیتر ئێمە حوکمڕانیی ناوچە ســـوننەکان ناکەین، بەڵام باوەڕم بەوە نییە کورد بچن کێشەی داعش چارەسەر بکەن. ئایا دابەشـــبوونی عێراق هاوکارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق، بەڵێ. شـــیعەش بەرهەڵستی دابەشبوون ناکات و قبووڵی دەکات. کارێکی باش دەکەن کە ئێســـتا لەسەر ئاســـتی ڕۆژنامەگەری باسی ئەم پرسە دەکەن، چونکە کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٠٧ کە باسی دابەشبوون دەکرا، بەتایبەتی کە جۆ بایدن- لەو کاتەدا سیناتۆر بوو- و بیرۆکەی دابەشـــبوونی عێراقی باس کرد، وەڵامەکە ئەوە بوو کە کەس لە عێراقدا لەگەڵ دابەشـــبووندا نییە، جگە لە کـــورد، واتە عەرەبەکان لەگەڵیدا نەبوون. بەڵام ئێستا گۆڕانێك لە مشـــتومڕەکاندا ڕوویداوە لە عێراقدا و ئێســـتا کەســـانێکی زۆر لەگەڵیـــدان. کەواتە چیتر مەســـەلەکە ئەوە نییە کە تۆ ناتوانیـــت وڵاتێك دابەش بکەیت کە خەڵکەکەی نایانەوێت دابەش بن. ئێستا ڕوون نییە کێ بەرهەڵستی دابەشبوون دەکات، ئاشکرایە داعش ئەم کارە دەکات، چونکە باوەڕی بەوەیە دەســـت بەســـەر سەرجەم جیهانی ئیسلامیدا بگرێت، بەڵام ڕوون نییە کە ئەمە پشتیوانییەکی جەماوەری هەبێت.

**داعش سوود لە ئەو ڕق و ترسە وەردەگرێت کە سوننەکان هەیانە بەرامبەر شیعە و ترسی ئەوەیان هەیە دڵڕەقانە لەلایەن شیعەکانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، کاتێک ئەو ترسە دەڕەوێندرێتەوە، ئەوا ئاسانتر دەتوانین قەناعەت بە سوننەکان بکەین کە خۆیان لە ژێر حوکمڕانیی داعش ڕزگار بکەن**

**هەندێ وڵاتی ناوچەکە بە نهێنی بوونەتە هۆی بەهێزبوونی داعش، کە بە تەواوەتی بەرهەڵستی داعشیان نەکردووە، بەتایبەتی تورکیا، کە بواری داوە لە ڕێی وڵاتەکەیەوە خەڵکانێک بچنە نێو داعشەوە. لە سەرەتای شەڕەکەشەوە سعودییەش پێوەندی لەگەڵ داعشدا هەبوو**



د.سیروان زەهاوی
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی دەستووری کوردستان بۆ راپرسی بۆ(گوڵان):

# ئێمە دەستوور بۆ نیشتمانێک دەنووسینەوە کە بەرەو مافی چارەنووس و سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرێت

**پرسی هەمواركردن یان دووبارە داڕشتنەوەی دەستووری هەرێمی كوردستان پرسێكی گرنگی هەمە لایەنەیە، لەلایەك بارودۆخەكە گۆڕانكاری زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە، لەلایەكی دیكەشەوە هەنگاوەكانی كوردستان بۆ ئایندە جیاوازیی گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئێمە پێشتر بیرمان لەوە دەكردەوە چۆن دەوڵەتێكی فیدرالی بونیاد بنێینەوە، بەڵام ئێستا ئەم دەوڵەتە بەرەو ئاوابوون دەچێت و پێدەچێت هەر پێكهاتەیەكی سەرەكی عێراق بیر لە ئایندەیەكی دیكە بكاتەوە، لەسەروبەندی ئەم قۆناخە هەستیارە پەرلەمانی كوردستان بە یاسای ژمارە ٤ی ٢٠١٥ لیژنەیەكی راسپاردووە دەستووری كوردستان دووبارە بنووسنەوە، پرسیاری گرنگ لە ئێستادا ئەوەیە، ئەم لیژنەیە چۆن لەگەڵ ئەم گۆڕانكارییە نوێیانە مامەڵە دەكات؟ سیروان زەهاوی سەرۆكی لیژنەی دووبارە ئامادەكردنەوەی دەستووری كوردستان بۆ راپرسی لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.**

*** لیژنەی ئامادەكردنی پرۆژەی دەستوور بۆ راپرسی یەك دوو هەفتەیە دەست بەكاربووە، ئایا لە ماوەی ئەم یەك دوو هەفتەیەدا چیتان كردووە و كارەكانتان چۆن بەڕێوە دەچێت؟**

- لیژنەی ئامادەكردنی پرۆژەی دەستوور بۆ راپرسی بەپێی یاسای ژمارە ٤ی پەرلەمانی كوردستان دەستی بەكارەكانی خۆی كردووەو لەسەرەتای كۆبوونەوەكانی خویدا هەوڵیداوە پەیڕەوێكی ناوخۆ تایبەت بەم لیژنەیە بۆ راپەڕاندنی كارەكانی خۆی و چۆنیەتی كاركردن لە ناو لیژنە بۆ ئامادەكردنی ماددە دەستوورییەكان دابنێت، هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆكێك بۆ ئەم لیژنەیە بۆ ئەم قۆناخە، دوای ئەم كارانە هەوڵمانداوە دیباجەی دەستوور بنووسینەوە، دیارە دوای تەواوبوونی دیباجەی دەستوورەكەش، دەچینە ناو داڕشتنی ماددە دەستوورییەكان، بۆ ئەمەش سەرەتا وتووێژ لەسەر پرانسیپە سەرەتاییەكان دەكەین كە نزیكەی ١٥-٢٠ ماددەیە دوای تەواوبوونیش لە پرانسیپە سەرەتاییەكان دەچینە بەشێكی دیكە كە ئەویش دەروازەی ماف و ئازادییەكانەو دوای ئەمەش دەچینە بەشێكی تر كە ئەویش دیاریكردنی دەسەڵاتەكانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی دادوەرییە، لە دووماهیشدا دەچینە سەر ئەو بەشەی پێی دەگوترێت ئەحكامە كۆتاییەكان، بەمشێوەیە پرۆسەی دەستوورەكە لەو ماوەیەی بۆی دانراوە بەڕێوەدەچێت، من مەزندە دەكەم لەماوەی ئەو ٩٠ رۆژەی بۆی دانراوە پرۆژەی دەستوورەكە كۆتایی دێت، خۆ ئەگەر تەواویش نەبوو ئەوا داوا لەپەرلەمان دەكەین كاتێكی كەممان بداتێ بۆ ئەوەی تەواوی بكەین، بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا لەماوەی دانراوە یان هەندێك كاتی زیاتر پرۆژەی دەستوورەكە ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم گەلی كوردستان بۆ راپرسی.

*** تۆ وەك سەرۆكی لیژنەی پرۆژەی ئامادەكردنی دەستوور ئاماژەت بەوە كرد دیباجەی دەستوورەكە تەواو بووە، دیارە ئەم دیباجەیە ناسنامەی دەستوورەكەیە، ئایا دەكرێت ئەم ناسنامەیە زیاتر بۆ خوێنەران روون بكەیتەوە؟**

- ئەم لیژنەیە هەوڵ دەدات دەستوور بۆ نیشتمانێك بنوسێتەوە، نیشتمانێك كە بە قۆناخێكی هەستیار تێدەپەرێت و بەرەو مافی چارەنووس و سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرێت، هەربۆیە دیباجەی ئەم دەستوورە باسی نیشتمانێك دەكات ناوی كوردستانەو هاووڵاتیانێك كە كوردستانین بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە، ئەمەش بەو مانایەی لەم دەستوورەدا تەنیا باسی كوردستان كراوە و بەشێوەیەكی تایبەتی باس لە هیچ نەتەوەو ئاینێك نەكراوە تەنانەت باس لە نەتەوەی كوردیش نەكراوە، دەسپێكی ئەمجارەی نووسینەوەی پرۆسەی

**ئامانجمان لە نووسینەوەی دەستوور ئەوەیە ماف و ئازادییەكان بۆ تەواوی پێكهاتە نەتەوەیی و جیاوازەكانی كوردستان فەراهەم بكەین**

**هەوڵ دەدەین پرۆژەی دەستوورەكە لەو ماوەیەی كە ٩٠ رۆژە كۆتایی بێت، خۆ ئەگەر تەواویش نەبوو داوا لە پەرلەمان دەكەین كاتێكی دیكەی كەممان بداتێ، دواتر پرۆژەی دەستورەكە بۆ راپرسی دەخرێتە بەر دەمی گەلی كوردستان**

**دیباجەی ئەم دەستووره باسی نیشتمانێک دەکات ناوی کوردستانە و هاووڵاتیانێک کە کوردستانین بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە، واتا بەشێوەیەکی تایبەتی باس لە هیچ نەتەوە و ئاینێک نەکراوە**

**دەستورەکە بەشێوەیەک کراوەیە لەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کە  بەهیچ شێوەیەک هەست بە جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی ناکرێت و هەموویان وەک هاووڵاتی ئەم نیشتمانە لەماف و ئەرکدا یەکسان دەبن**

**خەڵکی کوردستان بە ئاسانی دەتوانێت پرسی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتەوە، خۆ ئەگەر رای خەڵکی کوردستان بەوجۆرە بوو کە سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەوا دەبێت ئەو لایەنەی کە داوا دەکات سەرۆک راستەوخۆ هەڵبژێردرێت، دەبێت ملکەچی بڕیاری خەڵک بێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خەڵک بڕیاریدا خۆی سەرۆک هەڵبژرێت، ئەوا دەبێت ئەو لایەنەی لایەنگیری ئەوەیە سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، دەبێت تەسلیمی بڕیاری خەڵک بێت**

دەستوور لەم قۆناخەدا زۆر جیاوازە لە قۆناخەکانی دیکە، بۆ بە ئەقڵیەتێکی زۆر فراوان و کراوەوە ئەو دەستوورە دەنووسرێتەوە، بەشێوەیەکی زۆر فراوان ئەم دەستوورە کراوەیە لەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و بەهیچ شێوەیەك هەست بە جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی ناکرێت و هەموویان وەك هاووڵاتی ئەم نیشتمانە لەماف و ئەرکدا یەکسان دەبن، راشکاوانەتر ئامانجمان ئەوەیە ئەم دەستوورە بەڕادەیەك ماف و ئازادییەکان بۆ تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و جیاوازەکانی کوردستان فەراهەم بکات، نەك هەر ئەوان خوازیاری ئینتمای کوردستانیبوون بکەن، بەڵکو ئەو خەڵکانەی دیکەش کە لە نەتەوە و ئایینەکانی دیکەن و دەکەونە دەرەوەی کوردستان ئەوانیش ئومێد بخوازن هاووڵاتی کوردستان بوونایە. بۆیە دیباجەی ئەم دەستوورە کە دەبێتە ناسنامەی ئەم دەستوورە ئەوەیە لەم نیشتمانەدا کە کوردستانە هاووڵاتی بوونی هەیە کە کوردستانییە نەك ئەوە کوردەو تورکمان و کلدوئاشورییە، یان ئەوە موسڵمان و کریستیان و ئێزدییە، هاووڵاتی لەم دەستوورەدا هەر ناسنامە و ئاینێکی هەبێت یەکسانە و هاووڵاتی کوردستان دەبێت.

*** ئەگەر هەر لەسەر جیاوازیی ئەم قۆناخە بمێنینەوە، دیارە ئەو ناوچانەی پێشتر پێیان دەگوترا ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ یان ناکۆکی لەسەر تەنانەت ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، ئێستا ئەو ناوچانە ئازادکراون بە ئەمری واقیع بەشێکن لە کوردستان، ئایا لەم دەستوورەدا چۆن مامەڵەتان لەگەڵ ئەم پرسە هەستیارە کردووە؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد دوای تەواوبوونی دیباجەی دەستوورەکە، دێینە قۆناخی دارِشتنی پرسە سەرەکیەکان، کە ئەوانیش بریتین لە پرسی زمان، کە بریتی دەبێت لەسەر دیاریکردنی زمانە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوجا دیاریکردنی ئاڵا، پایتەخت، سروودی نیشتمانی، ئەمانە شوناسی هەر دەستوورێکن و هەموو نەتەوەیەك ئەمانە دیاری دەکات، سەبارەت بە پرسی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستانیش کە پێشتر بەچەندین شێوە ناوی دەهات، لەم دەستوورەدا دەبێت جێگەی ئەم ناوچە کوردستانییە تازە کراوانە بکرێتەوە، لەهەمانکاتدا دەبێت میکانیزمێکیش دابنرێت بۆ ئەوەی چۆن مافی ئەو پێکهاتانەی لەو ناوچانە لەگەڵ کورد دەژین دیاری بکەین وەك عەرەبی رەسەنی ناوچەکە، تورکمان و کلدوئاشووری و سریان، دەبێت لەنێو ماددە دەستووریەکاندا بەتەواوەتی مافی ئەو پێکهاتە جیاوازانە پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی ئەو ئایین و نەتەوە جیاوازانەی بە درێژایی سەدان ساڵ لەگەڵ کورد لەم نیشتمانە پێکەوە ژیاون هەست بە ئینتمای نیشتمانی بۆ کوردستان بکەن، هەروەها دەبێت گەرەنتی مافەکانیان لەناو دەستووردا بچەسپێنرێن، بۆ ئەوەی مانەوەیان لەگەڵ کوردستان و لەگەڵ مانەوەیان لەگەڵ عێراق بە باشتر بزانن.

*** پرسێکی دیکە مەسەلەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و مافی چارەنووسە بۆ خەڵکی کوردستان، ئایا لەم دەستوورەدا چۆن ئەم مافەی خەڵکی کوردستان دەچەسپێنرێت؟**

- ئێمە ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو بڕگەیەی کە وتووێژ لەسەر ئەم پرسە بکەین، بەڵام بەخوێندنەوەمان بۆ بیربۆچوونی زۆربەی زۆری ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوورەکە  دەبێت پرسی سەربەخۆیی و مافی چارەنووس لە پرسە سەرەکیە سەرەتاییەکانی ئەم دەستووردا دابڕێژرێت، بۆیە پرسی مافی چارەنووس وەك ماددەیەکی بێ کۆت و بەند لەم دەستوورەدا دەبێت، بۆیە کە باسی مافی چارەنووس کرا واتە باسی ریفراندۆمیش کراوە، هەروها لەوانەیە وەك چەندین نەتەوەی دیکە پێشتر وایانکردووە بڕیاری سەربەخۆییان داوە و ریفراندۆمیشیان نەکردووە، بۆیە بەڕای من پرسی مافی چارەنووس لە ریفراندۆم گەورەترە، بۆیە کاتێك ئەم ماددەیە لەم دەستوورە دیاریی دەکرێت و پاشان دەستوورەکە راپرسی لەسەر دەکرێت، ئەوا ئەو بڕگانە دەبێتە بڕیاری خەڵکی کوردستان و کەس ناتوانێت دەسکاری بکات، ئەگەر دەستوورەکەش پەسەند نەکرا، کەس ناتوانێت بە زۆر بیسەپێنێت.

*** تۆ ئاماژەت بەوە کرد کە لە دیباجەی دەستوورەکەدا باسی هیچ نەتەوەو ئاینێك نەکراوە، بەڵام پێشمەرگە وەك هێزی پارێزەری نیشتمانی کوردستان، خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانە، ئایا پێشمەرگە چۆن باسکراوەو بەنیازن لەم دەستوورەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگە بکەن وەك هێزێکی پارێزەری نیشتمانی؟**

- لە دیباجەی دەستوورەکەدا تەنها ناوی کوردستان و پێشمەرگە هاتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانییەو هەموو پێکهاتەکانی بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لەخۆی گرتووە، وەك کریستیان و ئێزیدی و موسڵمان و کورد و تورکمان و کلدو ئاشوری لە خۆی گرتووە و تەنانەت لەو پێکهاتانە چەندین فەرماندەی پێشمەرگە بوونی هەیە، سەبارەت بە مامەڵەکردنی ئەم دەستوورە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش، ئەم دەستوورە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە

دەكات وەك هێزێكی نیزامی نیشتمانی بەدامەزراوەیی كراوی سەرتاسەری، ئەم هێزە بەجۆرێك بە تۆكمەیی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت كە هیچ كەس نەتوانێت كەلێنی تێدا بدۆزێتەوە.

*** ئەگەر هەر لە پرسە سەرەكییەكاندا باس لە پرسی سیستمی ئابووری و باجدان لە كوردستان بكەین، ئایا لەم دەستوورەدا چۆن قسە لەسەر سیستمی ئابووری و باجدان دەكەن، كە ئەمە بۆ ئێستای كوردستان زۆر گرنگە؟**

- سیستمی ئابووری و باجدان بەشێكی سەرەكی دەبێت لە پرانسیپە سەرەتاییەكانی ئەم دەستوورە، بۆیە لەمبارەوە چەندین ئۆپشنمان لەبەردەستە، دەبێت هەموویان وتووێژی لەسەر بكەین، هەر بۆ نموونە؛ ئایا سیستمی ئابووری كوردستان بە تەنها سیستمی ئابووری بازاڕ دەبێت و وەك سیستمێكی سەرمایەداری، یان ئایا دەبێتە سیستمێكی سۆشیالیستی، یاخود دەبێتە سیستمێكی ئابووری تێكەڵ، یان هەر سیستمێكی ئابووری بازاڕ دەبێت و كۆت و بەندی بۆ دادەنرێت، یان سۆشیالیستی دەبێت بەهەمان شێوە كۆت و بەندی بۆ دادەنرێت، سەبارەت بە پرسی باجدانیش ئەمیش وەك پرانسیپێكی سەرەكی لەم دەستوورە دیاری دەكرێت، بەڵام دەبێت رەچاوی دادپەروەری بۆ هاووڵاتیان بێت و نابێت باجدان بارگرانی لەسەر خەڵك دروست بكات، بۆ ئەمەش پەیرەوی سیستمی باجدانی هەڵكشان(الضريبة التصاعدية) دەكەین، ئەمەش بەو مانای باجدان بەپێی داهاتی هاوڵاتی دەبێت، ئەگەر داهاتی كەم بێت ئەوا رێژەی باجدان كەم دەبێت و چەند داهاتەكەی بەرزبێتەوە رێژەی باجدانەكەش بەرز دەبێتەوە، سەبارەت بە پرسی سامانە سرووشتیەكانیش ئەویش هەر لە پرانسیپە سەرەكیەكاندا ئاماژەی پێدەكرێت و دەبێت ئەم سامانە موڵكی خەڵكی كوردستان بێت، هەروەها بیر لە نەوەكانی داهاتوو بكرێتەوە لەبەر ئەوەی سامانی سرووشتی بەتایبەتی نەوت و گاز تا سەر نامێنێت بۆیە بۆ ئەمەش سندوقێك بۆ پاشەكەوتی نەوەكانی ئایندە لەم دەستوورەدا ئاماژەی پێدەكرێت.

*** لایەنێكی دیكەی ئەم دەستوورە چۆنیەتی ریكخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی كوردستانە، دیارە ئێوە دەستوور بۆ هەرێمێكی فیدڕاڵی دادەرێژن، خۆتان دەزانن ئێستا كوردستان پەیوەندیەكی نێودەوڵەتی فراوانی هەیە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد، ئەم دەستوورە بۆ نیشتمانێك دەنووسرێتەوە، هەندێك پرس هەن تایبەت بە پەیوەندی نێوان هەرێم و عێراق، ئەوا لە كۆتایی دەستوورەكەو لە ئەحكامە كاتیەكاندا ئاماژەی پێدەكرێت بۆ چۆنیەتی رێكخستنی ئەو پەیوەندییەی كە لەنێوان هەرێم و كوردستاندایە، بۆیە لە نووسینەوەی ئەم دەستوورەدا وەك دەستووری نیشتمانێك هەموو لایەنەكان دیاری دەكرێت، بۆ مەسەلەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانیش ئەمەش یەكێك دەبێت لە پرانسیپە سەرەكیەكانی ئەم دەستوورە، بۆیە ئێمە بەو جۆرە وتووێژ دەكەین لەسەر ئەم خاڵە بەوەی ئایا ئەو رێككەوتنە نێودەوڵەتیانەی ئێمە ئیمزایان لەسەر دەكەین، بە یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەكەین یان لە چوارچێوەی دەستوور، یان شێواز و جۆری رێككەوتنەكان پۆلێن دەكەین، بۆ ئەمەش گرنگە بەوجۆرە پۆلێن بكرێن، ئەو رێككەوتنامانەی پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت، باشترە لەسەر ئاستی دەستوور مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، ئەو رێككەوتنانەشی پەیوەندیان بە بواری ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە هەبێت باشترە لەسەر ئاستی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، ئەمەش بەو مانایەی رێككەوتنەكانی كە دەیكەین لە پۆلێنەكەیان بەو جۆرە بێت لە یاسا گەورە ترین بەڵام لەدەستوور بچووكترین، هەروەها لەسەر ئاستی پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر، لەم دەستوورەدا رەچاوی بنەمای رێزگرتنی هاوسێیەتی باش(حسن الجوار) دەكەین، لەمەش زیاتر ئێمە دەمانەوێت لە پەیوەندییەكانمان لەگەڵ جیهان تا ئەوپەڕی كراوە بین وەك گەلێكی ئاشتیخواز، بۆ ئەوەی وێنەی گەلی كوردستان وەك گەلێك كە خۆی بەبەشێك لە ئاشتی و ئاسایش جیهان دەزانێت سەیر بكرێت، دەمانەوێت لەم دەستوورەوە هەموو جیهان بەو جۆرە سەیری گەلی كوردستان بكات، ئەم پێكهاتە فرەیيە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازە بۆتە هێزێك بۆ گەلی كوردستان بۆ پێكەوە ژیان و لێبووردەیی، ئەمەش ئامانجی هەموو لایەكمانە.

*** ئەگەر بێنە سەر پرسی هەڵبژاردنەوەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، دیارە لە دەستوورەكەدا هەموو دەسەڵاتەكان دابەش دەكەن و سنووری هەر دەسەڵاتێكیش دیاری دەكەن، لە ئێستادا كە پرسی هەڵبژاردنەوەی سەرۆكی هەرێم لە ئارادایە، دیارە لەبەر ئەوەی ماوەی سەرۆكایەتی هەرێم زۆر كەمی ماوە، فریاناكەوین بەپێی ئەم دەستوورە هەڵیبژێرینەوە، ئایا ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەكەن؟**

- گرنگە لەسەرەتادا دوو پرسی گرنگ لێك جیابكەینەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا ئێمە لەدەستوور باسی دەسەڵاتەكان دەكەین؟ بێگومان بەڵێ لە دەستووردا باسی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان وەك دامەزراوەیەكی گرنگی ئەم وڵاتە دەكرێت، هەروەها باسی پەرلەمان

**هاوڵاتی لەم دەستوورەدا هەر ناسنامە و ئاینێكی هەبێت یەكسانە و هاووڵاتی كوردستان دەبێت**

**پرسی زمان و دیاریكردنی ئاڵاو پایتەخت و سرودی نیشتمانی پرسە سەرەكیەكانی پرۆژەی دەستوورە كە شوناسی هەر دەستوورێكن و هەموو نەتەوەیەک ئەمانە دیاری دەكات**

**لەدەستووردا دەبێت جێگەی ناوچە كوردستانییە تازە ئازاد كراوەكان بكرێتەوەو میكانیزمێكیش دابنرێت بۆ ئەوەی مافی ئەو پێكهاتانەی لەو ناوچانە لەگەڵ كورد دەژین پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی ئەو ئایین و نەتەوە جیاوازانە هەست بە ئینتمای نیشتمانی بۆ كوردستان بكەن**

**ئەم دەستوورە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەكات وەک هێزێكی نیزامی نیشتمانی بەدامەزراوەیی كراوی سەرتاسەری**

**پێکهاتە فرەیيە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازەی کوردستان بۆتە هێزێک بۆ گەلی کوردستان بۆ پێکەوە ژیان و لێبوردەیی، هەربۆیە پێویستە لەدەستووردا بیپارێزین**

**گرنگە ئەو ڕێککەوتنامانەی پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت، باشترە لەسەر ئاستی دەستوور مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەو ڕێککەوتنانەشی پەیوەندیيان بە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەبێت باشترە لەسەر ئاستی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت**

**دەبێت لەدەستووردا مەسەلەی باجدان ڕەچاوی دادپەروەری بۆ هاووڵاتیانی تێدا بکرێت و باجدان بارگرانی لەسەر خەڵک دروست نەکات، بۆ ئەمەش پەیڕەوی سیستمی باجدانی هەڵکشان(الضريبة التصاعدية) دەکەین**

و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریش دەکرێت، پرسی دووەم ئەوەیە ئەم دەستوورە لەگەڵ پرسی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هیچ پێوەندیەکیان پێکەوە نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەی بۆچی؟ بێگومان لەبەر ئەوەی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم کۆتایی دێت، ئەم دەستوورەش هەتا ئەو کاتە پەسەند ناکرێت، لەمەش زیاتر خۆ ئەگەر لەو ماوەیەش پەسەند بکرێت ئەوا پرسی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم لانی کەم پێویستی بە دوو مانگە بۆ ئەوەی پێشوەختە ئامادەکاری بۆ بکرێت، خۆ ئەگەر ماوە لەبەردەست بمایەو بمانتوانیایە ئەم دەستوورە پەسەند بکرێت و پاشان لەسەر بنەمای ئەم دەستوورە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرابایەوە، ئەوا کارێکی زۆر باش بوو، پارتی پێش هەموو لایەنەکان پێشوازی لێدەکرد، بۆیە مەسەلەکە لە ئێستا ئەوە نییە ئەم دەستوورە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە دوای ١٩ی ئابی ٢٠١٥ ماوەی سەرۆکی هەرێمی کۆتایی دێت، پەرلەمان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە دەکات بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی دروست نەبێت، دیارە بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستا دوو بۆچوون هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێردرێت، بۆچوونی دووەم ئەوەیە کە لەپەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە بۆچوونی سێیەمیش هەیە، ئەویش باس لەوە دەکرێت کۆنگرەیەکی گشتی نیشتمانی گرێبدرێت و پەرلەمانتاران و وەزیرەکان و نوێنەری حزبە سیاسیەکان بەشدار بن، یان ئەم پرسە بدرێتەوە بە خەڵکی کوردستان، با ڕاپرسیەك بکرێت خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیار بدەن، ئایا دەیانەوێت سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، یان لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەم پرسە خەڵکی کوردستان بە ئاسانی دەتوانێت یەکلایی بکاتەوە، خۆ ئەگەر ڕای خەڵکی کوردستان بەوجۆرە بوو کە سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەوا دەبێت ئەو لایەنەی کە داوا دەکات سەرۆك ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێت، دەبێت ملکەچی بڕیاری خەڵك بێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر خەڵك بڕیاریدا خۆی سەرۆك هەڵبژێردرێت، ئەوا دەبێت ئەو لایەنەی لایەنگیری ئەوەیە سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، دەبێت تەسلیمی بڕیاری خەڵك بێت. پرسی ئێستای هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کورستان و نووسینەوەی ئەم دەستوورە دووشتی لێکجیاوازن و پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، ڕاستە ئێمە لە نووسینەوەی دەستوور سیستم بۆ هەموو دەسەڵاتەکان دەنووسینەوە و دیاری دەکەین، بەڵام ئەمە بۆ ئێستا نابێت لەبەر ئەوەی کاتە نەماوە، بۆیە من پێموایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش ١٩ی ئابی ٢٠١٥ ئەم پرسە بۆ خەڵك باس دەکات، باسی ئەوە دەکات یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ داوا دەکات هەڵبژاردن بکرێت بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەپێی ئەو یاسایە دەبێت هەڵبژاردنەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، یان هەتا ئەگەر هەڵبژاردنیش نەکرێت، دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان ڕێگەیەکی دیکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە یاساییە دروست نەبێت. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە لەم پرسەدا، ئێمە دەستوور بۆ مانگێك و دووان نانووسینەوە، ئێمە دەستوور بۆ ٥٠-١٠٠ ساڵی داهاتوو دەنووسینەوە، ئەم پرسەی ئێستا کاتییە، گرنگە یان هەڵبژاردن بکرێت، یان ڕێگەیەکی ناوەندی بۆ بدۆزرێتەوە، من دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر ئەم دەستوورە پێش ئەو کاتە پەسەند بکرایە و ئامادەبوایە ئەوا هیچ کێشەیەك نەدەبوو دەمانتوانی بەپێی ئەم دەستوورە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرینەوە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا پەرلەمان ناتوانێت یاسای ژمارە یەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم هەموار بکات؟ بێگومان دەتوانێت، بەڵام دەبێت بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دەبێت پێکەوە هەوڵبدەن ڕێگەیەکی مامناوەندی بۆ ئەو هەموارکردنە بدۆزنەوە، ئەمە بۆ دەسەڵاتەکانی دیکەش بە هەمان شێوەیە، بۆ نموونە ئەگەر پەرلەمان بیەوێت یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەموار بکاتەوە، ئەوا دەبێت بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری ئەم کارە بکات، خۆ ناکرێت پەرلەمان پرس بە دەسەڵاتی دادوەری نەکات و یاساکەی هەموار بکاتەوە، ئەمە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوەیە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت ئەو یاسایە هەموار بکاتەوە دەبێت لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بگاتە خاڵێکی هاوبەش بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەك یاساکە هەموار بکەنەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لە خۆی بگرێت.

*** ئەگەر پرسیارەکەمان بەو شێوەیە بکەین ئایا ژینگەی سیاسی ناو لیژنەکەتان چۆن، لەمەش زیاتر ئایا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییەکان تاچەند پشتگیری ئەو لیژنەی ئێوە دەکەن و تاچەند دەسەڵاتیان پێداون بۆ ئەوەی دەستوورێکی نیشتمانی بنووسنەوە؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت ئەوە بەخوێنەرانتان بڵێم کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەد لەسەد

پشتیوانی ئەم لیژنەیە، هەروەها پەرلەمان و حکومەتیش هەموو دەسەڵاتێکیان داوەتە ئەم لیژنەیە و حزبە سیاسیەکانیش بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی دەستوورێك بنووسینەوە نەك هەر بۆ ئەم قۆناخە گونجاو بێت، بەڵکو نەوەکانی داهاتووش شانازی پێوە بکەن، بۆیە ئەم لیژنەیە تەواو سەربەخۆیە و هەتا ئێستاش ژینگەی وتووێژەکان زۆر ئەرێنی یە، لەوماوەیە من دانیشتنەکانم بەڕێوە بردووە هەست دەکەم زۆر ڕێز لەرای بەرامبەرو ڕێز لەراو بۆچوونی حزبە سیاسییەکان دەگرن، مەزندە دەکەم ئێمە دەگەینە چارەسەرێکی مامناوەندی، دیالۆگیش باشترین گەرەنتیە بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکان، هەروەها هیوادارم هەموو لایەکمان بگەینە ئەو قەناعەتەی کە بێجگە لە دیالۆگ و لەیەکتری تێگەیشتن ڕێگە چارەی دیکە لەبەردەماندا نییە.

*** وەك سەرۆکی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەتەوێت لەم پرۆسەیەدا چی بە خەڵکی کوردستان بڵێیت؟**

- بەخەڵکی کوردستان دەڵێم هیوادارم بتوانین دەستوورێکی مۆدێرنی ئەوتۆ بنووسینەوە کە ڕەنگدانەوەی تەواوی بیربۆچوونە جیاوازەکانی خەڵك و تەواوی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بێت، ئەم دیدارە بە فرسەت دەزانم باس لە نوکتەیەکی سیاسی بکەم کە ئاماژەیە بۆ قسەیەکی زانایەکی بیۆلۆژی، ئەم نوکتە سیاسییە کاتی خۆی بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەمریکا گێڕاویەتیەوەو دەڵێت: زانایەکی بایۆلۆژی دەڵێت ئایا دەزانن نهێنیی مانەوەی ٢٥ هەزار جۆری جاڵجاڵۆکە چییە؟ بێگومان هۆکارەکەی ئەوەیە جاڵجاڵۆکە پێکەوە توانییان تۆڕێك دروست بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە دوژمنەکانیان بپارێزن، بۆیە ڕوودەکاتە کۆنگرێس و پێیان دەڵێت، ئەگەر دەتانەوێت سەرکەوتوو بن و خۆتان بپارێزن دەبێت پێکەوە کار بکەن، هەروەك چۆن لەکاتی نووسینەوەی دەستووری ئەمریکا پێکەوە کارمان کردو ئەمریکا بووە تاکە هێز لە جیهاندا)). لەم نوکتە سیاسییەوە من دەڵێم ئەگەر مێروولەو هەنگ و جاڵجاڵۆکە توانیبێتیان بە پێکەوە کارکردن خۆیان بپارێزن و ئەمریکایەك کە لە چەندین دەوڵەت و ڕەگەزی جیاواز پێکهاتبێت کە بەپێکەوە کارکردن و لەیەکتری تێگەیشتن توانیبێتیان ببنە گەورەترین دەوڵەت و هێز لەم جیهانەدا، ئەوا ئێمەی کوردستان کە زۆربەمان کوردین و دەیان خاڵی هاوبەش پێکەوە کۆمان دەکاتەوە ئەگەر هاوکاری یەکتری بین و پێکەوە کار بکەین، ئەوا دەتوانین دەستوورێکی زۆر مەزن و گرنگە بۆ ئایندەی نەتەوەکەمان دابڕێژین.

# ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بابەتی هەرێمی کوردستان پاش نەمانی سەدام

هێمن ئاکرەیی

هەفتەی رابردوو لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (کوردستانی عێراق و دووبارە داڕشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کە لەلایەن زانکۆی کوردستان – هەولێر ڕێکخرابوو، توێژینەوەیەکی ئەکادیمیم بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد کە بە نووسین بریتی بوو لە ٩ نۆ هەزار وشە زیاتر.

دیارە هاوڕێیان لە گۆڤاری گوڵان کە لە کۆنفرانسەکەدا ئامادەبوون، پێیان باش بوو پوختەی ئەو بابەتە لە گۆڤارەکەیان بە کوردی بڵاوبکەنەوە، منیش بە سوپاسەوە تەواوی بابەتەکەم بۆ ناردن، بەداخەوە دیارە لە کاتی وەرگێڕان و ئامادەکردنی بابەتەکە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی چەند هەڵەیەك ڕوویداوە بۆیە بە پێویستم زانی کە سەرەتا ئاماژە بە ناوونیشانی دروستی باسەکە بکەم کە بریتی بوو لە (هەرێمی کوردستان لە پاش نەمانی سەدام: سیاسەتی دەرەوە، ئاسایش و سامانە سروشتیەکان).

پوختەی بابەتەکە باسی گرنگی هەبوونی سەقامگیرو ئاسایش، هەروەها هەبوونی نەوت و غاز لە پتەوکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەپاش نەمانی سەدام دەکات. ئەم ئارگیۆمێنتە هەمووی بە داتا و زانیاری ورد سەلمێنراوە.

لە باسەکەدا، بەندە باسی (پارادیپلۆماسی)م کردووە کە وەکو چەمکێك گونجاوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت، چونکە پارادیپلۆماسی تایبەتە بە سیاسەتی دەرەوەی ئەو حکومەتانەی کە مەرکەزی نین یان ئەو هەرێمانەی کە فیدراڵن یان هێشتا نەبوونەتە دەوڵەتی سەربەخۆ وەکو هەرێمی کوردستان. پاڵنەرە سەرەکیەکانی پارادیپلۆماسی بریتین لە پاڵنەری سیاسی، ئابووری و کلتوری. هەروەها لەبارەی چەمکی (پرۆتۆدیپلۆماسی)ش ئەمە زیاتر بۆ ئەو حکومەتە نامەرکەزیانەیە کە کارو خەبات دەکەن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەری تەواو. مەرج نییە ئەوەی پارادیپلۆماسی بۆ دەوڵەت و سەربەخۆیی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کار بۆ وەدەستهێنانی شەرعیەتی زیاتر دەکات بۆ هەرێمەکەی کە لەوانەیە ڕێگەخۆشکەربێت بۆ سەربەخۆیی لە ئایندەدا.

دیارە بەندە لە کاتی نووسینی بابەتەکەدا باسی ئەوەم کردووە کە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٤ نوێنەرایەتی لە دەرەوەی وڵات هەیە، هەروەها ٣٠ قونسوڵخانەی گشتی، نووسینگەی نوێنەرایەتی و هەروەها قونسوڵی فەخری بیانیی لە کوردستان هەن لە نێو ئەوانەشدا قونسوڵخانەی گشتی هەر پێنج ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هەولێر هەن، دیارە لە کاتی ئامادەکردنەکەدا هاوڕێیان سەیری پەراوێزەکانیان نەکردووە کە دوا ئامارەکان بە ژمارە و سەرچاوە لەوێ نووسراون.

# هەڵبژاردنەکانی تورکیا و داهاتووی دۆزی کوردستان



سەرۆ قادر

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەڵبژاردنی ٧ ی حوزەیرانی تورکیامان بینی؛ ئۆردوغان دۆڕاندنی تووشی خۆی و حزب و حکومەتەکەی کرد. لە بەرامبەردا کورد بردیەوەو بە پشکی خۆی چووە ناو پەرلەمان. پرسیاری تەلیسماوی ئەوەیە: بۆچی ئۆردوغان دۆڕاندی و کورد لەبەرچی بردیەوە؟! ئەو دۆخە نوێیە توانایەکی دیکە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەدات؟ لەپێناوی ڕزگاری یەکجارەکی، سەرکردەکانی کوردستان چییان دەکەوێتە سەرشان؟

کەڵەکەبوونی بارودۆخی نالەباری ناوخۆی تورکیا لە ماوەی یەک سەدەدا، دەرفەتی چارەسەرکردنی، بە ئۆردوغان و هاوکارەکانی دا. سەرکردەیەکی موحافەزەکاری دینی، بە ڕوانگای ڕەخنەگرانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، سیانزدە ساڵ دەرفەتی پێدرا. لە سەرەتادا زۆر بە وەستایی وهێمنی، دەستی بە گۆڕانکاری کرد. ئۆردوغان هەموو کارەکانی خراپ نەبوون؛ ئەو توانی سوپای کەمالی، ئایدیۆلۆجیای نەژادپەرستانەی کەمالی، ڕوانگای تورکیا بۆ ڕۆژهەڵات بگۆڕێت. ئابووری وڵاتەکەی بووژاندەوە، کۆمەڵگەی تورکیای کردەوە، کێشەی کوردستانی هێنایە ناو باسان و کردیە بەشێک لە ستراتیژیی خۆی.

ئەو بارودۆخە بە هانای هەرێمی کوردستان هات، تورکیا بووە دەروازەیەکی فراوان، بۆ پێوەندی کردنمان بە جیهان. ئەو دەوڵەتە وازی لە سیاسەتی دەوردان و لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هێنا. لەگەڵ پ ک ک کەوتە گفتوگۆ، لە باکووردا دەرگای لەسەر دەربڕینی خواستەکانی کورد کردەوە. وازی لە پەلاماری سوپایی هێنا، بەمەش هەموو کورد پشوویەکی هاتەوە بەر. ئەو دۆخە ڕێگای بۆ دروستبوونی هادەپ و بردنەوە مێژووییەکەی ڕەخساند. کەواتە پێویستە کورد لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە، تەماشای پانۆرامای سیانزدە ساڵەی ئۆردوغان بکات. ڕێک وەک ڕوانگای شۆڕشی ئەیلوول بۆ عەبدولکەریم قاسم. کارێکی مەرگبار دەبێت ئەگەر هادەپ (پ ک ک)، خۆی لە ستراتیژیی تورکیایی و وەخت بەفیڕۆدان بۆ یاری سیاسییانەی ناو پەرلەمان و پارپارێنێی ئۆپۆزیسیۆنیی، ون بکات. هادەپ بە دەنگی کوردان چۆتە پەرلەمان. ڕای گشتی کوردستان، لە دوو ساڵی ڕابردوودا، چەرخێکی سەد و هەشتا پلەیی لە بەرامبەر ئۆردوغان لێدا. بۆیە دەبێ هادەپ نوێنەرێکی ئەمینی ئەو چەرخدانە مێژووییەی کوردان بێت. هادەپ دەبێ کوردایەتی بکات، هەڵبەت بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان.

لە ساڵی ٢٠١٢ وە گۆڕانی بەرەو خراپ، لە بیروڕا و سیاسەتەکانی ئۆردوغان، ڕووی لە زیادە کرد. تاکڕەوی لە بەڕێوەبردن و سیاسەتە گشتییەکاندا، پاشڕەوی ڕووەو ڕوانگای کۆمەڵایەتییانە بەلای دیندا، گەندەڵی و داڵدەدانی لێپرسراوە دزەکان، پەلامار بۆسەر میدیا و نووسەران، سیاسەتی ئابووریی هەلپەرستانە کە لەسەر وێران بوونی ناوچەکە پارەی کۆدەکردەوە، دەستوەردان لە ژیانی خەڵک، هاوکارییکردنی تیرۆر بەتایبەتی داعش، سیاسەتی دەستێوەردەرانەی ناواقیعییانە لە سوریا و میسر،

پشتیوانیکردنی ئیخوانولموسلمین، دەستنیشانکردنی پەرلەمانتارو وەزیرەکان بەپێی حەزو بەرژەوەندییەکانی خۆی، دوورخستنەوەی سیاسەتمەدارە کاریگەرەکان، سیاسەتی بێبەزەییانە بەرامبەر بە جەنگی کۆبانێ، پشتگوێ خستنی دۆزی کوردستان، بزرکردنی ڕوانگای ڕوون لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی ناوخۆ و دەرەوە، بەرزکردنەوەی پەرستنی شەخسی خۆی، دوورکەوتنەوە لە ناتۆ و ڕۆژئاوا، دژایەتی کردنی بێ پاساوانە بۆ ئیسرائیل. ئەو دیاردە سیاسییە نەرێنییانە، پوازی لێکهەڵتەکینەری هەموو حزب و سەرکردە و حکومەتەکانی ڕۆژهەڵات بووە. ئۆردوغان لە سیاسەتی چاکسازیی دینی و سیاسی هەڵگەڕایەوە، بۆیە نەیتوانی ببێتە ئەو نموونە سەرکەوتووە تا جیهانی ئیسلامی لێی فێربن.

ئەو بارودۆخەی ئێستای تورکیا، لەبەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردستانە، بە هەموو پارچەکانیەوە. ئەگەر لەم کەرەتەشدا، کورد و غەیرە کوردەکانی تورکیا، متمانەیان دابایەوە ئاک پارتی، ئەوجا ئۆردوغان ناوچەکەی زۆر ئاڵۆزتر دەکرد. ئەو پێیوابوو خۆی نوێنەری میللەتی کوردە. ڕایگەیاند کە هیچ کێشەیەک بە ناوی کورد نەماوە. وایدەزانی کێشەی کوردستان، بە کەمێک کرانەوەی سیاسی و ئیتنیکی، کۆتایی دێت. ئەو لە وەڵامی پێشنیاری جێگری خۆی لە ئاک پارتیدا (کە کوردە)، سەبارەت بە خوێندن بە زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، بە توڕەییەوە وتبووی: بۆ ئەم دەوڵەتە هی کوردانە تا زمانی پەروەردە کوردی بێت؟! لە ئەنجامدا جێگرە کوردەکەی، ئاک پارتی بەجێهێشت و هاتە ناو هادەپ. ئەو دەڵێ: بۆم دەرکەوت ئیدی جێگای کوردان لە لای ئۆردوغان نەماوە. هەروەها سیاسەتی دوژمنکارانە بەرامبەر بە کۆبانێ و هاوکاری کردنی داعش، ئیدی بڕیاری کوردانی یەکلایی کردەوە، هەموویان یەک دەنگ هاتنە سەر هەڵوێستی نەتەوەیی و دەنگیان بە هادەپ داوە. بۆیە هادەپ ئێستا نوێنەری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی باکوورە. چاوەڕوان دەکرێت، دەنگی ئۆجەلان لە چارەسەرییەکاندا، لە جاران بەرزتر و بە هێزتر بێت. ئێستا ئەو دەتوانێت لە ناو پەرلەماندا، هەموو کێشەو ڕوانگاکانی بە یاسا پێشنیار بکات. دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی تورکیا، گەرمتر دەبێت. بۆیە لەوانەیە پ ک ک ناچار بێت هاوکاری زیاتری هادەپ و ئۆجەلان بکات. باش دەبێ ئەگەر ڕووی ئەو حزبە زیاتر ڕووەو ناوخۆی تورکیا بێت، ئەگینا کێشەی جدی بۆ هادەپ و ئۆجەلان دروست دەبێت. مەنتق وادەخوازێت پ ک ک فاسیلەیەکی زیاتر لەنێوان خۆی و ئێران دابنێت و سیاسەتێکی نەرمتر، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان بگرێتەبەر.

بارودۆخی جیهانی لەگەڵ هێنانەدی ئاواتەکانی کوردستان جووتە، هەموو ناوەندە بەهێزەکانی جیهان، لەسەر چارەسەرکردنی دۆزی کوردستان کۆکن. وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەرمان، لە باری تایبەتی خۆیاندا، وەک جاران دژی کوردستان نین. دەوڵەتی عێراق لە خلۆربوونەوە و لێکهەڵوەشاندایە، بۆیە لە باشووری کوردستاندا، سەربەخۆیی بەستراوەتەوە بە ئاستی هوشیاری و واقیعبینی بزووتنەوە سیاسییەکەی. هەروەها دەوڵەتی سوریا، لە شەڕێکی ناوخۆیی وێرانکاردا دەهاڕدرێت، ناوەندە بەهێزەکانی نێودەوڵەتی، باسی دابەشکردنی سوریا بۆ چەند دەوڵەتێک دەکەن. کوردی ڕۆژئاوا چەند ساڵە خۆیان بەڕێوەدەبەن. ئەوان بوونەتە هێزێکی چەکداری ناوچەکەو لە هەموو پێشنیارەکاندا حیسابیان لەسەر دەکەن. بایەخی نێودەوڵەتی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر بووە. ئەو بایەخەش لەو لایەوە دێت کە پێیوایە چارەسەرکردنی دۆزی کوردستان، پێویستە بە یەک پاکێج بێت، چونکە بە چارەسەرکردنی کێشەکە لە پارچەیەکدا، مانەوەی سێ پارچەکەی تر لە تێکۆشاندا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارام نابێتەوە. ئێران تەرەفی سەرەکی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بۆیە ئاساییە ئەگەر کێشەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، زیاتر بخرێتە ڕۆژەڤەوە. لە کۆتایی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێران شکست دێنێت و باجی لێدەستێندرێت. لەو ڕووەوە دەبێ چاوەڕوان بین، لە کاتی موناسیبی خۆیدا کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرفەتی زیاتری پێ بدرێت. بۆ نموونە وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕووی دا. ستراتیژیی ئێران بریتییە لە شەڕی بەردەوام تا دابینکردنی باڵادەستیی سیستەمی سیاسی دینی بە مەزهەبی شیعە. لەو ستراتیژییەدا، ئێران هیچ یارێکی لە ناوچەکەدا نییە. ئەو بە هێز داخڵی هەندێک وڵات بووە کە بەشێک لە پێکهاتەکەی پەیڕەوانی شیعەن. سعودیە (عەرەب)، تورکیا، پاکستان (موسڵمانانی غەیرە عەرەب) و ئیسرائیل نەیاری ئێرانن. ئەوە جیا لە ئەمریکا و ئەوروپا کە پاڵپشت و بزوێنەری سەرەکیی ستراتیژییەکانن (پشێوی داهێنەرانە- الفوضی الخلاقة).

عەرەبستانی سعودی سەرکردایەتی ستراتیژیی عەرەبان دەکات. ئەو پێیوایە ئێران دوژمنی سەرەکییە. بۆ بەرەبست کردنی خشانی ئەو دەوڵەتە، لەگەڵ ئیسرائیل چۆتە یەک سەنگەر، هەروەها ڕایگەیاندووە هەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی سوننی، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان یەکدەگرێتەوە. ئایا مەبەست لە دەوڵەتی بەهێز تەنیا هەرێمی کوردستانە؟ من پێموایە ئەو دەنگانەی باسی یەکخستنی هەموو کورد لە یەک دەوڵەتدا دەکەن، قسەکەیان لە خۆڕایی نییە. دەوڵەتی بەهێزی کوردی، دەتوانێت

**دەبێت بە ڕوونی لە ئەگەرەکان بگەین. ئەو ڕوانگایەی بەڕێز مسعود بارزانی زۆر واقیعییانەیە کە دەڵێت؛ دەبێ کورد بەهێزەوە دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی بکات و لە ناوخۆیدا یەک بێت**

**باش دەبێ ئەگەر ڕووی هادەپ زیاتر ڕووەو ناوخۆی تورکیا بێت، ئەگینا کێشەی جدی بۆ هادەپ و ئۆجەلان دروست دەبێت. مەنتق وادەخوازێت پ ک ک فاسیلەیەکی زیاتر لەنێوان خۆی و ئێران دابنێت و سیاسەتێکی نەرمتر لە هەڵسوکەوت لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان بگرێتەبەر**

**عەرەبستانی سعودی سەرکردایەتی ستراتیژیی عەرەبان دەکات. ئەو پێیوایە ئێران دوژمنی سەرەکییە. بۆ بەربەست کردنی خشانی ئەو دەوڵەتە، لەگەڵ ئیسرائیل چۆتە یەک سەنگەر، هەروەها ڕایگەیاندووە هەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی سوننی، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان، یەکدەگرێتەوە**

**ئۆردۆغان ئەو دۆخەی هێنایەکایەوە کە ڕێگای بۆ دروستبوونی هادەپ و بردنەوە مێژووییەکەی ڕەخساند، کەواتە پێویستە کورد لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە، تەماشای پانۆرامای سیانزدە ساڵەی ئۆردوغان بکات. ڕێک وەک ڕوانگای شۆڕشی ئەیلوول بۆ عەبدولکەریم قاسم**

پارێزگاری لە هەموو پێکهاتە غەیرە موسڵمانەکان بکات، بەربەستێکی بەهێز دەبێت لە پێش جموجۆڵی سوپایی ئێران (لەوانەیە تورکیاش). پشتیوانی دەوڵەتی عەرەبی سوننە دەبێت کە لە ژێر زەبری بەردەوامی شیعەکانی عێراق(ئێران)و سوریادایە. کەنداوییەکان دەیانەوێت نەوتی خۆیان لە ڕێگای بۆری، بە دەوڵەتی داهاتووی سوننە و کوردستاندا بگەیەننە دەریای ناوەڕاست. هەر لەوێشەوە ئاوی شیرین بە لوولە بهێننە کەنداو و شوێنەکانی دیکە. هەردووک مەبەستە ئابوورییەکە، قازانجێکی زۆری بۆ عەرەبانی کەنداو تێدایە. گواستنەوەی نەوت بە کەشتی و بە ڕێگای دووردا، خەرج و هەڕەشەی زۆری لەسەرە. هەروەها ئەو ئاوە شیرینەی لە ئێرانەوە بە گەمی دەگوازرێتەوە، گرانە ئینجا دابینیش نییە.

ستراتیژیی ئیسڕائیل، لێدانی سەرچاوەکانی توندڕۆیی و هەڕەشەکردنە لەسەر خۆی. ئەو دەوڵەتە، ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بە سەرکەوتنی ستراتیژیی ئەو دەوڵەتە دەزانێت کە ڕایگەیاندووە ئیسڕائیل فڕێ دەداتە ناو دەریا. ئێران چوار دەوری ئیسڕائیلی گرتووە، هەر کاتێک بیەوێت شەڕ دەخاتە ناوی. بۆیە ئیسڕائیل بۆ هاوکاریکردنی عەرەب لە دژی ئێران، ئامادەیی تەواوی دەربڕیوە. ئیسڕائیل هەروەها هەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی، بە هاوکاری بەتوانای خۆی دەزانێت. لۆبی یەهوودی لە هەموو جیهان، بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کار دەکات. ئەوە هێزێکی گەورەیە و دەستی لە ئەمریکا و ئەوروپادا درێژە. ئیسڕائیل جیا لە ئێران، لە ستراتیژیی تورکیا پەستە، بۆیە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی گەورە، نەک هەر بۆ بەربەست کردنی ئێران، بەڵکو بۆ پەڕوباڵ کردنی تورکیاش، بە پێویست دەزانێت.

تورکیا ستراتیژییەکی شڵەژاوی هەیە. سەرباری ئەوەش دژی هەبوونی دەوڵەتی کوردی لە باشوور نییە. هەڵبەت لە دەوڵەتی گەورەی کوردستان دەترسێت، بۆیە بەهیچ شێوەیەک باسی پارچەکانی دیکەی کوردستان ناکات. هەڵبەت تورکیا هەست دەکات چارەنووسی پارچەکانی کوردستان، زۆر لێکدی نزیک بۆتەوە. نموونەی کۆبانێ (ڕۆژاڤا)و هەرێمی کوردستان، باشتر لەو پێوەندییە ئاڵۆزانەمان حاڵی دەکات. تورکیا خۆی، دەستی لە کاری چارەسەرکردنی دۆزی کورددایە. بۆیە ناتوانێت دژی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان، یان پڕۆژە جۆراوجۆرەکانی سەربەخۆیی بوەستێت. تەجرەبەی تورکیا لەگەڵ کۆبانێ، ئازارێکە لە مێژووادا لەبیری ناچێتەوە. ئاک پارتی هەموو دەنگەکانی کوردستانی دۆڕاند، هەموو شارە کوردستانییەکان بە کوردی ئەستەمبۆڵ و ئانکاراوە، ڕژانە سەر شەقامەکان و دیفاعیان لە هاونەتەوەییەکانی خۆیان کرد. هەرێمی کوردستان بە سوپا و بە ناو خاکی تورکیادا خۆی گەیاندە هاریکاریی پارێزەرانی کۆبانێ. پێشمەرگە شەڕی لە کۆبانێ یەکلایی کردەوە. تورکیا ناچار بوو ئەو پێچەل پێچییە قبوڵ بکات.



**تورکیا ستراتیژییەکی شڵەژاوی هەیە. سەرباری ئەوەش دژی هەبوونی دەوڵەتی کوردی لە باشوور نییە. هەڵبەت لە دەوڵەتی گەورەی کوردستان دەترسێت، بۆیە بەهیچ شێوەیەک باسی پارچەکانی دیکەی کوردستان ناکات**

کەواتە دەکرێ دۆخەکە ئاوها وەسف بکەم؛ دوای سەد ساڵ دژایەتی دەوڵەتانی عەرەبی، تورکیا، ئێستا لە بەرژەوەندییاندایە کورد بکەوێتە ناو هاوکێشەکان. ئیسرائیل نەک هەر دەوڵەتی کوردستان پشتیوانی دەکات بەڵکو پێشنیاری ئەوتۆ دەهاوێژێ کە کورد دەتوانێ بکەوێتە پەیوەندییەکی کۆنفیدراڵی لەگەڵ ئیسرائیل. واتە کۆنفیدراتیفییەکی بەهێز لە دوو دەوڵەتی کوردستان و ئیسرائیل دروست ببێت. کەواتە داشی بەختی کوردان باش سوار بووە. بۆیە پێویستە کاری فکری و سیاسی لەناو کەشی سیاسی کوردستان، چالاک و بەهێز بکرێت. بە زوویی ڕای گشتی گەورەی کوردستانی دروست بکرێت. ئەوەش کاتێک دەبێت کە بە ڕوونی لە ئەگەرەکان بگەین. ئەو ڕوانگایەی بەڕێز مسعود بارزانی زۆر واقیعییانەیە کە دەڵێت؛ دەبێ کورد بەهێزەوە دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی بکات و لە ناوخۆیدا یەک بێت.

ئەوەی من باسی دەکەم، یۆتۆپیا نییە، مسۆگەریش نییە، بەڵکو دانوستاندنی بەرژەوەندییەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە چەند ساڵی داهاتوودا، ئەم قۆناغە بەسەر دەچێت. کورد دەبێ توانای بیرکردنەوە و سیاسەتکردن بەخۆی بدات، لە گرێی خۆبەکەم زانین ڕزگاری ببێت. سەرکردەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، لە هەر چوار پارچە، دەبێ بکەونە گفتوگۆ، ئامانجیان دارشتنی ستراتیژییەکی نەتەوەیی بێت کە سەربەخۆیی و دوایی یەکگرتنەوە، ئامانجی بێت.

**لە کۆتایی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێران شکست دێنێت و باجی لێدەستێندرێت. لەو ڕووەوە دەبێ چاوەڕوان بین، لە کاتی موناسیبی خۆیدا کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرفەتی زیاتری پێ بدرێت. بۆ نموونە وەک ئەوەی لە ڕۆژاڤا ڕووی دا**



# تورکیا:
# پاش سەردانی ئیمرالی،
# HDP قسەی کۆتایی دەکا





ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

• له ٦/١ دا، هەر لەم گۆڤارە بەڕێزەدا، رای خۆم سەبارەت بە هەڵبژاردنی تورکیا دەربڕی و بە پشتبەستن بە سەنتەرو کۆمپانیا بەئیعتوبارەکانی راپرسی پێموابوو((HDP لەنێوان ٩٪- ١٢٪ی دەنگەکان دەهێنێ)). بەهەرحاڵ پارتی دیموکراتیی گەلان هۆی دایەوە و لە مەزەندانی بردە دەرێ...

•بەگوێرەی داتاکان، زۆرینەی کورد لە ویلایەتە زۆرینە کوردنشینەکان و لە میترۆپۆلەکانی تورکیاشدا، دەنگیان بە HDP دا. کەس ناکارێ بێژێ HDP نوێنەری شەرعی و متمانەپێدراوی خەڵکی کورد نییە، کە لە ١٤ ویلایەتی زۆرینە کوردنشیندا، زۆرینەی دەنگەکان و لە ٦ ویلایەتیشدا، سەرجەم کورسییەکانی بۆ خۆی بردوون و ئیدی کاك بەدران ئەحمەد گوتەنی: مانگی AKP دای لە نشێوی، ئیدی ئەو قسەیەی ئەردۆگان ڤالا دەرکەت کە دەیگوت:«ئێمە، واتە پارتی دادو گەشەپێدان AKP، پارتی هەرە گەورەی کوردان»ین. لێ نابێ لەو راستییەش غافڵ ببین کە بەشێکی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکانی وەك(ئەرمەن، سریان، عەلەوی، عەرەب، چەرکەس، ئێزیدی و...) و کەسانی لیبراڵ و دیموکرات و ئاشتیدۆست و چەپیش دەنگیان بە HDP دا... بە کورتی HDP ، بووە بە هێماو ناوونیشانی خەڵکی بەشخوراو و ئاشتیدۆست....

•پێکهاتەی هەدەپ HDP، پێکهاتەیەکی فرەڕەنگی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و ئایینییە... سەیرکەن: لەناو ئەو پەرلەمەنتێرانەی دەرچوون، کەسانی میانڕۆی ئیسلامی وەك(ئالتان تان، محەمەد دەنگیر فرات)و کەسانی کوردپەروەری دیموکراتخوازو ئاشتیدۆستی وەك(لەیلا زانا، عوسمان بایدەمیر)و کەسانی عەلمانی و چەپی وەك (فیکەن، سری سورەیا ئۆندەر)و نوێنەری کەمایەتییەکان هەن... پرسیار ئەوەیە ئەوە چ بەندیوارێکە کە ئەم شەبەنگە فرەڕەنگەی لەناو حزبێکدا کۆکردۆتەوەو پێکەوە لکاندووە؟ ئەوە ئایدیۆلۆژیایە، یان بەرنامەیەکی هاوبەش؟

• ئەو بەندیوارە، مەگەر بەرنامەو پلاتفۆرمێکی هاوبەش نییە! ئەرێ ئاشتی و ئاشتەوایی و چارەسەرکردنی پرسگرێکی کورد کۆڵەگەیەکی سەرەکیی بەرنامەی HDP نەبووەو نییە؟ مەگەر نووسینەوەی دەستوورێکی دیموکراتی نییە کە تورکیا لە دەوڵەتی- نەتەوەی سەردەستەوە بکا بە دەوڵەتی هاووڵاتیی فرە رەنگ؟ مەگەر دەرفەت کردنەوەی زێتر نییە بۆ خۆبەڕێوەبەری و دی سەنتراڵیزم لە تورکیادا؟ مەگەر نەشونمای ئابووریی هاوسەنگ نییە لە تورکیادا؟ مەگەر گرتنەبەری سیاسەتێکی هێمنانەو دۆستانە نییە لەگەڵ دەوروبەر و دنیادا؟...مەگەر دیفاعکردن نییە لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ؟ بەڵێ دروشم و ئامانجەکان بوون، کەواتە HDP، وڵاتێکی دەوێ کە جێگەی رەنگە جیاوازەکانی تێدا ببێتەوە... بۆ ئەوەی ئەم ئامانج و بەرنامەیەی، یان بەشێکی بێنێتەدی، هەقە هەدەپ چی بکا؟ ئەمە پرسیارێکە، لە ماوەیەکی نزیکدا وەڵام دەدرێتەوە. یان HDP دەیەوێ بەم ٨٠ پەرلەمەنتارە چ بکا؟ هێشتا چاوەکان لەسەر تورکیان...

•ئێمە لە ماوەی رابردوودا، شایەدحاڵی پشتەوانی و هاوکاری و پیرۆزبایی بزووتنەوەی سیاسی و خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ هەدەپ HDP بووین. کەواتە، زۆر کارێکی سروشتیشە، رادەربڕەکان و بزاڤی سیاسیی کوردستان، سەرنج



**حکوومەتێکی ئیئتلافی کە ئاق پارتی AKP تەرەفێکی بەهێزبێ تیایدا، جا چ لەنێوان AKP و CHP دا بێت، یان لە نێوان AKP و MHP دا، یان لە نێوان AKP و HDP دا. ئەم ئەگەرەیان لە هەمووان عەمەلیترو ڕێتێچووترە، کە یەکێ لەو سێ حزبە، یان دووانیان لەگەڵ AKP ئیئتلاف بکەن... ئەگەر HDP وریا نەبێت، لەوانەیە لەو نێوانەدا، شاش بمێنێ**

**لە ماوەی ڕابردوودا، شایەدحاڵی پشتەوانی و هاوکاری و پیرۆزبایی بزووتنەوەی سیاسی و خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ هەدەپ HDP بووین. کەواتە، زۆر کارێکی سروشتیشە، ڕادەربڕەکان و بژاڤی سیاسیی کوردستان، سەرنج و تێبینی و پێشنیاز و بۆچوونی برایانەی خۆیان سەبارەت ئەو پرسیارەی سەرێ بە هەدەپ بڵێن**

و تێبینی و پێشـــنیاز و بۆچوونی برایانەی خۆیان سەبارەت ئەو پرســـیارەی سەرێ بە هەدەپ بڵێن، جا چ بە نووسین بێ یان ڕاستەوخۆ...

•لە تورکیا، بەگوێرەی ژمارەی کورسیی چوار حزبەکەی ناو پارلەمان، باس لە چەند ســـیناریۆیەك دەکرێ و داود ئۆغلۆ گوتەنی: هەموو بژاردەکان لەسەر مێزی گفتوگۆدان:

١. حکوومەتی شـــەراکەتی نیشتمانی کە هەر چوار تەرەف کۆبکاتـــەوە. ئەم ئەگـــەرە زۆر ڕێی تێناچـــێ و کارێکی زەحمەتە...

٢. حکوومەتێکی ئیئتلافی کە ئاق پارتی AKP تەرەفێکی بەهێزبێ تیایدا، جا چ لەنێوان AKP و CHP دا بێت، یان لە نێوان AKP و MHP دا، یان لە نێوان AKP و HDP دا. ئەم ئەگەرەیان لە هەمووان عەمەلیتر و ڕێتێچووترە، کە یەکێ لەو سێ حزبە، یان دووانیان لەگەڵ AKP ئیئتلاف بکەن...ئەگەر HDP وریا نەبێت، لەوانەیە لەو نێوانەدا، شاش بمێنێ....

٣. یـــان حکوومەتێکی ئیئتلافی لە نێوان هەر ســـێ حزبی: CHP, MHP, HDP دا پێکبـــێ بـــێ ئـــاق پارتی. ئەم ئەگەرەیان بە قســـەی چاودێران لە هەموو ئەگەرەکانی دیکە بێ چانسترە...

٤. یان حکوومەتی کەمینە کە ئاق پارتی بەتەنیا پێکیبهێنێ، بۆ ماوەی ســـاڵێك، یان زێتر و هەڵبژاردنێکی دیکەی بەدوادا بێت. بەو مانایەی کە لە ماوەی ساڵەکەدا AKP باری لاری خۆی ڕاست بکاتەوە.

٥. یان هەڵبژاردنەوەی پێشـــوەختەی پەرلەمان..ئەم ئەگەرە بەدوور نازانرێت.. لێ پێموانییە ئاق پارتی و ئەردۆگان پەنا بۆ تاکتیکی پێکنەهێنانی حکومەت ببەن لە ماوەی ٤٥ ڕۆژدا، چونکە بەگوێـــرەی زۆربەی چاودێران ئاق پارتی تووشـــی دۆڕانێکی تر دەبێت... کام لەم سیناریۆیانە دێتەدی؟ بە ڕای من، سوکانەکە هێشتا بەدەست ئاق پارتی و ئەردۆگان-ەوەیە. واتـــە بواری مانۆر و بژاردەی جیا-جیای لەبەردەمەو پێموایە ئامادەگیی سازشـــکردنی تێدایە... بەو مانایە نا، کە ســـێ حزبەکەی تر پاسیڤ و ناکاربن و تەنیا تەماشای دەمی ئاق پارتی و ئەردۆگان دەکەن... بێشـــك، هەر لایەنە خوێندنەوەی خۆی بۆ هەر یەك لەم ئەگەرانەی ســـەرێ هەیەو کارتیشی بەدەستە... هەر تەرەفە لە هەر ئەگەر و سیناریۆیەکدا دەزانێ چەندی قازانجە و چەندی زەرەر... ئا لێرەدا، لێزانی، سیاسەت نواندن، بەرپرسیارەتیی بەرانبەر دەنگدەرەکانی، عەمەلیبوون و مانۆری سەرکردەکانی ئەم حزبانە دێنە پێشەوە...

بەرپرســـیارەتیی HDP لە هەردوو حزبەکەی ئۆپۆزیســـیۆن جودایە، چونکە زۆرینەی کورد بەرپرسیارەتییەکیان خستووەتە ئەستۆی HDP کە ئەوژی هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری و بەخۆداهاتنەوە «تنمیـــە» و خۆبەڕێوەبەرییە... واتە کورد لە تورکیـــا چاوی لەوەیە هەدەپ چی بـــۆ دەکا و چی بۆ دەهێنێتەدی..لە خۆڕا بە HDP ناگوترێ: -Kurdish issue (focused Peoples Democratic Partys (HDP

•لـــەم قزگەیەوە، وەکو مـــن تێی دەگـــەم، هەقە HDP لە تاوتوێکردنی هەر ئەگەرێکدا، ســـێ خاڵ لە بەرچاو بگرێ و بیکا بە بنەما بۆ دانوستاندن و جووڵەی خۆی:

١. لە کامیاندا پرۆســـەی ئاشـــتی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کـــورد لە تورکیا بەردەوام دەبێت و دەگاتە ئامانج و کورد ڕەنج بەخەسار نابێ...

٢. لە کامیاندا دەســـتوورێك دەنووسرێتەوە کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی تێدا بچەســـپێ و دان بە فرەڕەنگیی کۆمەڵگـــەی تورکـــی بنێـــت و حوکمی قانوون باڵادەســـت ببێ...

٣. لە کامیاندا پێوەندیی دۆستانەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزگرتن لە یەکـــدی کە خێری هەم بۆ کوردی باشـــوورو هەم بۆ کوردی ڕۆژئاوا تێدا دەبێت، زێتر ڕێی تێدەچێ...

• بە بڕوای خۆم، ئەگەرێکـــی عەمەلی بۆ نزیکبوونەوە لە هاتنەدی ئەو سێ بنەما و ئارمانجە کە لە بەردەم هەدەپ دا بێ، خۆی لە دوو بژاردە دەبینێتەوە:

١. راســـتەوخۆ لەگەڵ AKP دا بکەوێتە دانوســـتاندن بۆ بەشداریکردن لە حکوومەت و بڕیارداندا، یان:

٢. بـــە هەندێ مەرج لەناو پەرلەماندا متمانە بە حکوومەتی داهاتـــووی AKP بدا بێ ئەوەی بەشـــداریی لە کابینەکەدا بکات... بەمەش هەم ڕێگە لە دوو حزبەکەی ئۆپۆزیســـیۆن دەگرێ لەســـەر حســـێبی کورد و پرۆسەی ئاشتی لە AKP نزیك ببنەوە، هەم ڕێگە لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی پێشوەختەی پەرلەمان دەگـــرن، هەم تورکیا لە قەیران و ناســـەقامگیری کە ناوچە کوردنشینەکان-یش دەگرێتەوە، دەرباز دەکەن...هەقە HDP لەم قۆناخەدا ریفۆرمیســـتانە بیربکاتەوە، دەســـت بەم سەرکەوتنەوە بگرێت و بیچەســـپێنێت و بیکاتە هەقیقەتێکی ژیانی سیاسی لە تورکیا، بیکاتە بەردەباز بۆ پێشگرتن لە هەر فیتنە و ئاژاوەیەك، کە بە دوور نازانرێت لە ئەگەری ئینکەبەری و نەهاتنە ڕایێ، بۆ HDP لە ناوچە کوردنشینەکاندا دروست بکـــرێ و لە ئاکامدا ئەوەی بیناکـــراوە، تێکبدرێ و خەڵکی کـــوردی تێـــدا زۆر زەرەرمەند ببێ و لـــە ئاکامدا لە HDP نائومێد ببێ...

•هێشـــتا HDP دوا قســـەی خۆی، پاش هەڵبژاردنی ٦/٧ نەکـــردووە. وێدەچێ نەکارێت دوا قســـەش بکات، تا ڕێبەری ڕاســـتەقینەی HDP واتـــە ئۆجالان لە ئیمرالـــی نەبینێ و فەرمان و دەستووری یەکلاکەرەوەی لێ وەرنەگرێ...پێموایە قســـەی کۆتایی هی ئۆجالان-ە کە دەســـتێکی بە HDPەوە گرتووەو دەســـتێکیش بە PKK. ئۆجـــالان HDPی بۆ ئەوە دەوێ کە وەکو حزبێکی شـــەرعی ڕۆڵێکی گرنگتر لە نێوان قەندیـــل و ئیمرالی و ئەورووپا و ئەنقـــەرەی AKPدا بگێڕێ بۆ بەجێگەیاندنی پرۆســـەی ئاشتی و ئەو بەرنامەیەی خۆی گەڵاڵەی کردووە... لەم دووڕیان و هات و نەهاتەدا، ئۆجالان ڕۆڵێکی مەزن دەلەیزێت....

# تورکیا لەبەردەم دووڕیانی حکومەتی کەمینە و هاوپەیمانیی حزبیدا



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

هەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمانی تورکیا نەخشەیەکی سیاسیی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەئاراوە کە تێیدا پارتی دادوپەرەپێدان زۆرینەی پەرلەمانی لەدەستداوە و هیچ حزبێکیش زۆرینەی بە دەست نەهێناوە. ئەردۆغان، سەرکۆمار و کەسی بڕیاربەدەستی دادوپەرەپێدان، تا ئێستا هیچ تێڕوانینێکی روونی لەم رووەوە نییە. ماڵپەڕی رۆژنامەکانی تورکیا و سایتەکانی سۆشیال میدیا بڵاویان کردۆتەوە کە ئەردۆغان، ئەوەی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا رۆژی سێ جار لە تەلەفزیۆن دەردەکەوت، یان قسەی دەکرد، پاش بڵاوبوونەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بۆ ماوەی دوو رۆژ و ٩ سەعات و ٣٠ خولەك نقەی نەکردووە. هەرچەند ئەم مەسەلەیە بە ئاشکرا روخساری تەوس و گاڵتەپێکردنی پێوە دیارە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە ئەنجامەکە بۆ ئەردۆغان وەك بوومەلەرزە وابووە و لەم دۆخەی ئێستادا لە ناو دادوپەرەپێداندا بەرچاوڕوونییەك نییە.

بە دڵنیاییەوە تورکیا پێویستی بە حکومەتێکی تازەیە و ئەگەر لایەنەکانی تر بەشداری تێدا نەکەن، رەنگە دادوپەرەپێدان بە تەنیا حکومەت پێکبێنێ. دیارە ئەم حکومەتە کە حکومەتی کەمینە دەبێ، دادوپەرەپێدان لە مەرجی پێشوەختی حزبەکانی تر رزگار دەکا و کابینەیەکی تازەی بۆ دابین دەکات. پەرلەمانیش کە زۆرینەی بە دەست سێ حزبەکەی ترە، دەتوانێ متمانەی پێ ببەخشێ. ئەم ئەزموونە تەنانەت لەو وڵاتانەشدا هاتۆتەدی کە دیموکراسییەکی دێرینیان هەیە، لەوانە بریتانیا لە ساڵی ١٩٧٤ لە سەردەمی حکومەتی ویلسۆن و فەرەنسا لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی رووکار. بەڵام ئەم جۆرە حکومەتە هەمیشە بە لاوازی دەمێنێتەوە، چونکە پەرلەمان هەمیشە لە توانایدایە تەنگی پێ هەڵچنێ و متمانەی لێ بسەنێتەوە، یاخود لە رێی دەرکردن و هەموارکردنی یاساوە، فشارێکی زۆری لەسەر دروست بکات. بە زۆرییش حکومەتی کەمینە، حکومەتێکی تەمەندرێژ نییە و کەمجار توانیویەتی خولی چوار ساڵەی خۆی تەواو بکات.

بەڵام ئەگەر دادوپەرەپێدان بتوانێ هاوپەیمانییەك لەگەڵ یەکێ لە سێ حزبەکە دروست بکا، دەتوانێ خۆی لە خراپییەکانی حکومەتی کەمینە رزگار بکا و بە دڵنیاییەوە لە هەندێ رووەوە فشاری پەرلەمانی لەسەر کەم دەبێتەوە. بەڵام ئەم سیناریۆیە نابێتە مایەی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی دادوپەرەپێدان، چونکە لە دۆخێکی وادا دەبێ دادوپەرەپێدان بە مەرجەکانی هاوپەیمانەکەی رازی بێ و لە کابینەکەشدا ناتوانێ بە بێ رەزامەندیی هاوپەیمانەکەی بڕیار لە سەر هیچ شتێك بدا. لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە حکومەتەکە هەر بە هەڕەشەلێکراوی دەمێنێتەوە، چونکە کشانەوەی هاوپەیمانەکە بە واتای هەڵوەشانەوەی حکومەت دێ.

ئەگەر راگەیەندراوە فەرمییەکان بکەین بە پێوانە، تا ئێستا لە سێ حزبەکەی تر هیچ کامێکیان ئامادە نین هاوپەیمانی لەگەڵ دادوپەرەپێداندا پێکبێنن. بۆیە ئەگەر هەر سێکیان لە سەر ئەم هەڵوێستە بەردەوام بن، تاکە چانسی بەردەم دادوپەرەپێدان پێکهێنانی حکومەتی کەمینەیە. لە بەرامبەردا، سێ حزبەکەی تر، سەرەڕای ناکۆکیی نێوانیان، دەتوانن هاوپەیمانییەکی ناڕاگەیەندراو لەناو پەرلەماندا دروست بکەن و بە هەموو ئەو یاسایانەدا بچنەوە کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا دادوپەرەپێدان دەریکردووە و بوونەتە مایەی ئاوەڵاکردنی دەستی حزبی دەسەڵاتدار بۆ کۆنترۆڵکردنی جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانی. هەروەها دەشتوانن هەموو فایلە داخراوەکانی پەیوەست بە پرسی گەندەڵی بورووژێنن و پێداچوونەوەیەکیش بە سیاسەتی پەیڕەوکراوی حکومەت سەبارەت بە عێراق و سووریا بکەن. ئەمەش ئەوەندەی دی تەنگ بە دادوپەرەپێدان هەڵدەچنێ و ئاستی ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوخۆی وڵات بەرەو هەڵکشانێکی ترسناك دەبا.




د.عیمران ئەلبەدەوی  لە زانکۆی هۆستن بۆ گوڵان:

# لەبەر ئەوەی سەرچاوەی فیکری داعش لەناوچەکە بوونی هەیە، تێکیش بشکێنرێت گروپی توندڕەوتر دروست دەبێتەوە



**د.عیمران ئەلبەدەوی یاریدەری پرۆفیسۆرە لەبواری زمان و شارستانیەت لە زانکۆی هۆستون و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی عەرەبیە لە زانکۆی ناویراو، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێروانینی عەرەب بۆ ئەو رووداوانەی کە ئێستا روودەدەن، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ د.عیمران ئەلبەدوی ئەنجامداو بەمجۆرە سەرنجەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لەگەڵ ئەوەی ماوەی ساڵێکە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی شەڕێکی جیهانی دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاندووە، بەڵام لەبری ئەوەی ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە لاواز بێت و تێکبشکێت، ئێستا بەهێزترە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ــ لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ئەوەی پێی دەوترێت دەوڵەتی ئیسلامی بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە بەهێز بووە لە پێش هەموویانەوە پێکهاتەی سەرەکی گرووپەکە کارمەندە سەربازیەکانی پێشووی سەر بە رژێمەکەی بەعسی عێراق لە خۆدەگرن کە ئەمەریکا بە خێرایی لە ساڵی ٢٠٠٤دا هەڵیوەشاندەوە. ئەم شەڕکەرانە کەسانێکی پرۆفیشناڵ و شارەزای عێراق و دراوسێکانی عێراقن و سەرەڕای زیانەکانی ئەم دواییەش، لە نێویاندا عیززەت دوری جێگری پێشوی سەددام حوسێن، ئەوا سەلماندویانە کە لە گۆڕەپانی شەڕدا کاران. هۆکاری دووەمیان بریتییە لە شکستی هێزە چەکدارەکانی عیراق لەوەی- تەنیا- بە پشتبەستن بە خۆیان لە شەڕەکاندا سەرکەوتوو بن، سوپای عێراق توانیویەتی تەنیا لە ئامرلی و تکریت- لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا- بەسەر داعشدا سەربکەوێت، ئەویش بە هاوکاری هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمەریکاو ئەو میلیشیانەی ئێران سپۆنسەریانە. هەروەها با پاشەکشەی ئابڕووبەرانەی ئەو سوپایەشمان لە یاد نەچێت کە لە مانگی ئایاری ساڵی٢٠١٥ لە رومادی و لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ لە موسڵ کشانەوە، کە بە هەزارەها چەك و ئۆتۆمبێلی سەربازییان بۆ داعش جێهێشت. سێیەمیان، ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سیاسەتێکی کارەساتئامێزە بۆ ناوچەکە، کە زیاتر دەبێتەهۆی بەهێزکردنی داعش. ئەمەریکا عێراقی بۆردومان کردووە(ئێستاش سوریا بۆردومان دەکات)و بۆ ماوەی ٢٤ ساڵە- و لە سایەی چوار سەرۆکدا- بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە ناوچەکەدا دەکات. سیاسەتی گۆڕینی رژێم لە بەرامبەر عێراقدا لە سایەی ئیدارەکەی جۆرج دەبلیو بۆش پیادە کراو دواتر سیاسەتێکی پتر خاوخلیچك لە ئاست سەرۆکی لاوازبووی سوریا، بەشار ئەلئەسەد، پیادە کرا لە ناوچەکەدا. ئەم سیاسەتانە بە تەواوەتی ناوچەکەیان ناسەقامگیر کردووەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هۆکار بوون بۆ هەڵکشانی گرووپە توندڕەوە توندوتیژەکان بە چەشنی داعش. ئەو بیرۆکەیەی لە سۆشیال میدیاو گۆڤارەکەی داعشدا(دابق) ڕوون کراوەتەوە ئەوەیە پێویستیان بە شەڕکەرە لە سەرتاسەری جیهانەوە بۆ بەرپاکردنی جیهاد لە دژی نەوەی نوێ لە خاچپەرستەکان کە هێرش دەکەنە سەر خاکی موسڵمانان- واتە ئەمەریکا. هۆکاری چوارەم تێکەڵەیەکە لە «شەڕی بە وەکالەت» و «بە بەلقانکردن» لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. شەڕی دژ بە داعش بۆتە ململانێی دەسەڵاتی ناوچەیی بۆ وڵاتانی وەك سعودیە و تورکیا و ئێران. لەوەش زیاتر، ئەم دەوڵەتانە لە چوارچێوەی بازنەی دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا و ڕوسیادا هەڵدەسوورێن. حاڵی حازر، ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو و کارا لە ئارادا نییە لەلایەن هیچ دەوڵەتێك یان کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتیەوە دژ بە داعش.

**سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سیاسەتێکی کارەساتئامێزە بۆ ناوچەکە، کە زیاتر دەبێتەهۆی بەهێزکردنی داعش. ئەمەریکا عێراقی بۆردومان کردووە(ئێستاش سوریا بۆردومان دەکات)و بۆ ماوەی ٢٤ ساڵە- لە سایەی چوار سەرۆکدا- بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە ناوچەکەدا دەکات**

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە زۆنێکی نێودەوڵەتی کە توندوتیژی باڵی کێشاوە بەسەریدا و باس لەوە دەکرێت کە ئەم ناوچەیە بەرەو شەڕێکی خوێناوی سەردەکێشێت لە نێوان شیعە و سوننەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئەم توندوتیژیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات؟**

ـ زەحمەتە بتوانیت پێشبینی بکەین ئەم کوشتارە بەرەو کوێ سەردەکێشێت. تاوەکو لەسەر ئەرزی واقیع شتێك نەگۆڕێت، ئەوا مەودای توندوتیژی و دەستێوەردانی سەربازی بەردەوام دەبێت لە بەرفراوان بوون. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا کۆشکی سپی پابەندبوونی خۆی نوێ کردەوە بۆ پڕچەككردنی «موعارەزەی میانڕەوی سوریا»و پشتیوانی کردنی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ڕێی «راوێژکارەکان»ەوە، ئەمە سەرەڕای هەڵمەتی بۆردومانکردنی ئەمەریکا دژی داعش. ئۆپەراسیۆنەکانی تیرۆریستانی داعش گەیشتوونەتە لیبیاو سعودیە. سعودیەو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەرەیەکی نوێی شەڕیان کردۆتەوە دژی حوسیەکان و ئێرانیەکان لە یەمەن. زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین دواتر چی ڕوودەدات، شەڕی نێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەریەکان، دووبارە داگیرکاریی، کێ دەزانێت؟

**تەحەفوزی ئەمەریکا بۆ رەوانەکردنی هێزی زەمینی بۆ عێراق، بەڵام پشتیوانیکردنی هێزە چەکدارەکانی عێراق و خاوکردنەوەی گوتارەکەی لە دژی رژێمەکەی ئەسەدو گفتوگۆکردنی لەگەڵ ئێرانیەکاندا هەموویان هەنگاون بە ئاڕاستەی ڕاست و دروستدا**

دەبێت لە سیاقی ناوچەکەدا- کە فرەییەکی تایەفەگەری ئاینی و گرووپی ئیتنی و کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی لە

**کۆشکی سپی و پەنتاگۆن دانیان بەوەدا ناوە کە «ستراتیژیەکی تەواو»یان نییە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، هەندێ لە ڕەخنەگران- لە نێویاندا جێگری سەرۆک جۆ بایدن لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤دا- هاوپەیمانەکانی ئەمەریکایان لە ناوچەکەدا بە پشتیوانی کردنی تیرۆریزم تۆمەتبار کرد. دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەم هاوپەیمانێتیە پڕ لە دژیەکیانە کارێکی پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی هەندێ لە ڕواڵەتەکانی هاوسەنگی**

**ئەو هاوپەیمانێتییەی لە وڵاتە ناوچەییەکان پێکهاتووە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش هیچ پلانێکی نییە بۆ ریشەکێشکردنی توندڕەویی ئاینی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەبوونی دەرفەتی ئابووری. ئەگەر لە ئێستادا داعش بکەوێت، ئەوا گرووپێکی دڕندەی هاوشێوە یان کەسانێکی گەنجی تورە و پەراوێزخراو جێی دەگرنەوە**

خۆدەگرێت- لەو ناکۆکیە تێبگەین کە لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیەو لە میدیاکانەوە باس دەکرێت. شیعەو سوننەکان بۆ زیاتر لە هەزار ساڵە لە ئاشتییەکی ڕێژەییدا دەژین. هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی لە ناوچەکەدا بۆ هەرەسی سەروەری دەوڵەت لە سوریاو لیبیاو یەمەن دەگەڕێتەوە، ئەو هەرەسەش دەرئەنجامی ئەو ڕووداوەیە کە پێی دەوترێت بەهاری عەرەبی و لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١دا ڕوویدا، لەگەڵ داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و دابینکردنی دارایی بۆ توندڕەوی شێوە وەهابییەت.

*** ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەوە دەکات دووبارە ئەم سیستمە ڕێك بخاتەوە، یاخود سنوورەکان دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی سەقامگیری بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە؟**

ـ «کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆیە لە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی، پێشتریش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ وڵاتانی وەك بەریتانیای مەزن و فەرەنسا کە لە ڕاستیدا سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردە کۆلۆنی خۆیان. مێژوو ئەوەی خستۆتەڕوو کە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەشدارییان کردووە- نەك بەرهەڵستییان کردبێت- لە لاوازی و ناشەرعیەتی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرچۆنێك بێت، هاوکاری مرۆیی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکاو ئەوروپاوە کاریگەریەکی گەورەی دەبێت لەسەر ئەو پەنابەرانەی لە ناوچەکەوە هەڵدێن. لە کۆتاییدا تەنیا خەڵکانی ناوچەکە دەتوانن دەسەڵات و شەرعیەت بە دەوڵەتەکەیان بدەنەوە، ئەو دەوڵەتەی خاوەنی ئەم شەرعیەتە نەبووە. تروسکاییەکی ئومێد هەبوو لەو خەونە دیموکراتیەی لە مەیدانی تەحریری میسردا لە ئارادابوو، هەروەها هێشتا ئاڵوگۆڕێکی دیموکراتی لەرزۆکیش لە تونسدا هەیە.

*** لە نێو ئەو گۆڕانکاریانەی پێشبینی و چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبدەن، ئەوەیە کۆمەڵێك پرۆژەی جیاواز هەیە، ئایا ڕۆژئاوا دەتوانێت هاوسەنگی نێوان ئەو پرۆژە جیاوازانە ڕابگرێت؟**

ـ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە نێویاندا ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسا ناتوانن بە چەشنی ڕابردوو کاریگەر بن لەسەر گۆڕانکاریەکان. ئەم مانگە کۆشکی سپی و پەنتاگۆن دانیان بەوەدا ناوە کە «ستراتیژیەکی تەواو»یان نییە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، هەندێ لە ڕەخنەگران- لە نێویاندا جێگری سەرۆك جۆ بایدن لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤دا- هاوپەیمانەکانی ئەمەریکایان لە ناوچەکەدا بە پشتیوانی کردنی تیرۆریزم تۆمەتبار کرد. دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەم هاوپەیمانێتیە پڕ لە دژیەکیانە کارێکی پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی هەندێ لە ڕواڵەتەکانی هاوسەنگی. لەگەڵ ئەوەی وترا، ئەوا تەحەفوزی ئەمەریکا بۆ ڕەوانەکردنی هێزی زەمینی بۆ عێراق، بەڵام پشتیوانیکردنی هێزە چەکدارەکانی عێراق و خاوکردنەوەی گوتارەکەی لە دژی ڕژێمەکەی ئەسەدو گفتوگۆکردنی لەگەڵ ئێرانیەکاندا هەموویان هەنگاون بە ئاراستەی ڕاست و دروستدا.

***پێتوایە لەم باردۆخە ئاڵۆزەدا عێراق بە یەکپارچەیی بمێنتەوە؟**


- ناکرێت کات بۆ دواوە بگەڕێنرێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە یان دابەش دەبێت؟ حاڵی حازر داعش دەوڵەتێکی ئەمری واقیعی هەیە لە ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵاتی سوریا- کە سوننەکان باڵادەستن بە سەریدا. ئەو ڕاستیەی باسی لێوە ناکرێت ئەوەیە کە لە ئایندەدا ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتێکی عەرەبی سوننە یان زۆنێکی خۆبەڕێوبەری سوننە دروست بێت.

*** ئێوە تا چ ڕادەیەك دامەزراندنی کوردستای سەربەخۆ بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش؟**

ـ پرسی سەربەخۆیی کوردستان خۆی لە خۆیدا پرسێکی گرنگە. کورد گەورەترین دانیشتووانی ئیتنین لە جیهاندا کە خاوەنی خاکی خۆیانن بەڵام بێ دەوڵەتن، تا ڕادەیەکی گەورە دۆستن لەگەڵ ئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەرچۆنێك بێت، دڕندەیەتی داعش لە دژی کورد لە شەنگال و کۆبانێ و شوێنەکانی دیکە ئەوەی سەلماند کە تەنانەت کوردیش پێویستی بە دۆست هەیە. لەوەش زیاتر، لەم ساتەوەختەدا پێدەچێت مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا ڕێککەوتنێکیان هەبێت- کە قابیلی جێبەجێکردنە- لەسەر پرسەکانی سەروەری عێراق، داهاتی نەوت و شەڕکردن لە دژی داعش.

*** چۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای داعش دەڕوانن ئەمە ئەگەر هاتوو هاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتییەکە توانیویەتی تێکی بشکێنێت؟**

- ڕەنگە ڕۆژێك بێت داعش تێکبشکێنرێت، بەڵام ناکرێت سەرچاوەکانی لە ناو ببەیت. هێشتا چارەسەی هۆکارە ریشەییەکانی نەکراوە، هەروەها چارەسەری هۆکارە ریشەییەکانی ئەل قاعیدەش نەکرا. هەروەها ئەو هاوپەیمانێتیە ڕۆژئاواییە یاخود ئەو هاوپەیمانێتیەی لە وڵاتە ناوچەییەکان پێکهاتووە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش هیچ پلانێکی نییە بۆ ریشەکێشکردنی توندڕەویی ئاینی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەبوونی دەرفەتی ئابووری. ئەگەر لە ئێستادا داعش بکەوێت، ئەوا گرووپێکی دڕندەی هاوشێوە یان کەسانێکی گەنجی تورە و پەراوێزخراو جێی دەگرنەوە. تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای داعشیشدا، لەگەڵ تێپەربوونی هەر ڕۆژێکدا دابەشبوونی سوریا و عیراق و دروست بوونی دەوڵەتێکی عەرەبی سوننە زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێدەکرێت. ئەگەر ئەمە ڕووبدات ئەوا ئاکامی دەبێت لەسەر خەباتی کورد بۆ سەروەریی نەتەوەیی و بۆ تەواوی ناوچەکە.



**تەکنەلۆژیا نەك هەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕیوە، واشیکردووە چەمکی شۆڕش و خواستی خەڵکیش گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان و چەمکی شۆڕش دروستی کردووە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ساول نیومان ئوستادی بەشی حکومەت لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**پرۆفیسۆر ساول نیومان** لە زانکۆی ئەمریکی واشنتۆن بۆ گوڵان:

# مۆدێلی جاکۆبی بۆ شۆڕش کۆتایی هات و چیدیکە بۆ ئەم سەردەمە کاریگەری نابێت

*** ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دروست دەکات، بریتییە لەو شۆڕشانەی لە مێژووی نەتەوەکاندا ڕوودەدەن. بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە تا چ ڕاددەیەك مانای شۆڕش پەیوەستە بە زەمینەسازی کردن بۆ گۆڕانکاری و هەروەها پەیوەستە بە دیاریکردنی خواستەکانی نەتەوەکەوە؟**

- ئاشکرایە شۆڕشەکان لە ڕابردوودا کاریگەری دراماتیکیان هەبووە لە سەر چارەنووسی دەوڵەتە نەتەوەییەکان. زۆرێك لە نەتەوە مۆدێرنەکان لە هەناوی شۆڕشەوە لە دایك بوون، ئەو شۆڕشانەی لە دژی هێزە ئیمپریالی و کۆلۆنیالییەکان بەرپا کران، هەروەها خەبات لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەییدا لە نزیکەوە گرێدرابوو بە ئایدیا لیبراڵییەکانەوە کە پەیوەست بوون بە ماف و بڕیاردان لە چارەنووس و مۆدێلە دەستووری و کۆمارییەکانی حکومەتەوە. هەموو ئەمانە لە شۆڕشی ئەمریکی و فەڕەنسییەوە- لە سەدەی هەژدەدا- سەرچاوەیان گرت. هەروەها لە خەباتە شۆڕشگێڕییە نەتەوەییەکانەوە بە درێژایی سەدەکانی نۆزدە و بیست لە سەرتاسەری جیهاندا. بە دڵنیاییەوە هەمیشە مۆدێلی شۆڕشگێڕی مەیلێکی لیبراڵی نییە - شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٩١ کاریگەرییەکی مێژوویی گەورەی لە سەر جیهان هەبوو، کە بووە هۆی دیاریکردنی پێکهاتەی جیوپۆلەتیکی و ئایدیۆلۆجی جیهان بە درێژایی زۆربەی ڕۆژگاری سەدەی بیست. پێموایە لە ئێستادا مۆدێلی شۆڕشگێڕی- کە تێیدا بزووتنەوە سیاسییەکان، کە نوێنەرایەتی چینێکی کۆمەڵایەتی، یان ڕووداوێك دەکەن، یاخود تەنانەت خەونی خەڵکانێکی نەتەوەیی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و گۆڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرەوە بۆ

خــوارەوە — کەمتر مۆدێلێکی زاڵــە، بە لای کەمەوە لە ڕۆژئاوادا، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە شــۆڕش لە شــوێنەکانی دیکە ڕوونادات. بەهــاری عەرەبی بە درێژایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و باکــووری ئەفریقیا ئەوەی خســتەڕوو کە ڕۆحی شۆڕشگێری بە زۆری لەو شــوێنانەدا ئامادەیە کە کەمترین پێشبینی ئامادەبوونی لێدەکرێــت. بەڵام بــە دڵنیاییەوە لە حاڵەتی میســردا، دەرئەنجامی شــۆڕش تەواو تەم و مژاوی و ناڕوونە- ئەو ڕژێمە سەربازییەی بەهۆی ڕاپەڕینی مەیدانی تەحریرەوە ڕووخێنرا، جارێکی دیکە و بە چەشنی ڕابردوو دەسەڵاتی گرتۆتەوەدەست.

*** هەندێ جار داهێنانە زانســتییەکان سەردەکێشن بۆ دروستبوونی شــۆڕش، بە چەشنی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا و ئەو شۆڕشــە تەکنەلۆژییەی لە ئێســتادا ڕوودەدات، ئایــا باوەڕت وایە کە شۆڕشــی تەکنەلۆژیا هەمان ئەو گۆڕانکارییانە دروســت دەکات کە شۆڕشی پیشەسازی دروستی کردن؟**

- گومانی تێــدا نییە کە تەکنەلۆژیــا بەردەوامە لە بینینــی ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە شۆڕشــەکاندا، تەنانەت ئەمە بۆ ڕۆژگاری ئێســتاش ڕاســت و دروســتە. من ئاماژە بە گرنگــی تەکنەلۆژیای نوێی پێوەندی دەکەم، هەروەها ئاماژە بە ڕاگەیاندنــی کۆمەڵایەتی دەکەم لە بەهاری عەرەبیدا (تونس و میسر)، کە وەك ئامرازێك بۆ پێوەندیکردن و ســازدان سوودیان لێ وەرگیرا. هەرچۆنێك بێت، لە ڕۆژئاوادا، کاریگەری شۆڕشی ئەنتەرنێت لەسەر سازدانی سیاسی زۆر زیاتر تەم و مژاوی و ناڕۆشنە- لە کاتێکدا ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە شــێوەیەکی بەربڵاو بەکار دەهێندرێت بۆ گەیاندنی ئایدیای سیاســی، بەڵام وەك شــێوازێکی چاودێریکردن لەلایەن پۆلیســەوە بەکار دەهێندرێــت، لەوەش زیاتر من دەڵێم دەتواندرێت بە هەمان ئەنــدازە بەکار بهێندرێت بە شــێوازێك کــە ببێتە هۆی داماڵینی کاریگەری سیاسی، وەك دروستکردنی هەستی دەستەجەمعی و هەستێکی وێناکراو بۆ بەشداری سیاسی، کە لە واقیعدا هیچ شتێك ناگۆڕێت.

*** لە پێوەندی بەو شۆڕشــە گرنگانــەی کە جیهان بەخۆیەوە بینیوە، ئاشــکرایە کە شۆڕشــی فەرەنسی بە شۆڕشێکی جیهانی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لە قەڵەم دراوە، کە بووە سەرەتای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکارەکانی گرنگی شۆڕشی فەرەنسی چین لــە مێژووی مرۆڤایەتیدا و تا چ ڕاددەیەك ڕوودانی ئەم شۆڕشــە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی ڕاســتەقینە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا بووە؟**

- هەروەك دەزانن، کە سەرۆك وەزیرانی چین زوو ئێنلای وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە (کە لە ســاڵی ١٩٧٢دا بە ریچارد نیکسۆنی وتووە)، لە بارەی کاریگەری شۆڕشی فەرەنسییەوە، کە بریتی بوو لەوەی: «هێشتا زووە بڵێین». ئەمە ئاماژەیە بۆ کاریگەری بەردەوامی شۆڕش لە مێژوی مۆدێرنیتەدا، بە چەشنێك کە درزێك لە ئاسۆکانی ئێمەدا دروستکردوە کە قابیلی پڕکردنەوە نەبن، واتە بە چەشنێك هەرگیز هیچ شــتێك ناگەڕێتەوە دۆخی پێشوی خۆی. ئەمــە ئــەو ڕووداوە بوو، هەروەك کانت بــاوەڕی وابوو، کە دەبێــت ئێمە خۆمان بکەینە بابەتی ڕۆشــنگەری و مۆدێرنیتی. بەو مانایەی کە هەر شۆڕشێك کە لە دوای ســاڵی ١٧٩١ـەوە ڕوویداوە، جۆرێکە لە زیندووکردنەوەی شۆڕشی فەرەنســی، وەك بەکارهێنانەوەیەکی پێویستی ئەم ڕووداوە بنەڕەتییە. لە هەمان کاتدا، هەروەك پێشــتر باســمکرد، هەستێك هەیە لەم ڕۆژگارەدا، بەلای کەمەوە ئەم هەســتە لە ڕۆژئاوادا هەیە و ڕەنگە لە شوێنەکانی دیکــەش بوونی هەبێت، بەوەی کە مۆدێلی جاکۆبی، کە تێیدا سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕی ڕۆشنگەری هەبێت و گوزارشت لە ئیرادەی گشتی خەڵك بکات و دەسەڵات دەگرنە دەســت و لە سەرەوەڕا کۆمەڵگەکە ڕزگار دەکەن، ئەمە چیتر مۆدێلێك نییە لەم ســەردەمەدا بە ڕاســتی پیادە بکرێــت. ئەمەش بە هۆی ژمارەیەك هۆکار و ئاڵ و گۆڕی مێژووییە کە یەکێکیان بریتییە لە ناســنامەی چینەکان و پەرتبوونە لە سەروبەندی پۆست پیشەسازییەوە، ناســنامەی خەڵکەکە لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە، سروشتی دەسەڵات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چیتر کۆشکێکی زستانە نەماوە بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێت، ئێستاش دەســەڵات شێوەی تۆڕێکی بە جیهانی بووی وەرگرتووە، نەك بونیادێکی مەرکەزی و هەرەمی.

*** ڕۆشــنبیران هــاوڕان لەســەر ئەوەی کــە بەر لە دەستپێکردنی شۆڕش ئەوا پێویستە زەمینەیەکی مەعریفی هەبێت بۆ شــۆڕش، هەروەك دەبینین کە هەموو شۆڕشێك فەلســەفە و ئامانجی خۆی هەیە. بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیــەك زەمینە و ژێرخانــی مەعریفی گرنگە بۆ ئامانجەکانی شۆڕش؟**

- ئەمە پرســیارێکی قورسە بۆ وەڵامدانەوە. کێشەکە، هــەروەك ئەوەی من دەیبینم، ئــەوە نییە کە مەعریفەی پێویســت لە ئــارادا، یان لەبەردەســتدا نییــە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، مەعریفەیەکی زۆر کەڵەکە بووە. ژیانی ئێمە بە تەواوەتی پڕ بووە لە زانیاری، واتە تەنها کلیکێك بەسە بۆ ئەوەی زانیاری تەواومان لەبارەی ســەرجەم جیهانەوە بێتە بەردەســت. ئێمە تەواو هۆشیارین بەو ئابڕووچوون و گەندەڵییانەی کە کەسانی دەسەڵاتداری تێوەگلاون، ئێمە تەواو هۆشــیارین بەو نادادپەروەری و تاوانانەی لەلایەن

**کەیسی کوردستان و خەباتکردن لە پێناو بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری بۆ خەڵکی کوردستان جێی بایەخپێدانێکی تایبەتییە، لەبەر ئەوەی ئەم خەباتە بەرجەستەبوونی ئەگەری ئایندەیەکی سیاسیی نوێ دەهێنێتە ئاراوە**

**لە تێڕوانینی فانەوە، یەکێک لە تەحەددییەکانی وڵاتانی دوای کۆڵۆنیالی، بریتی نەبوو لە دروستبوونی ناسنامەیەکی کەلتووری و سەربەخۆ، بەڵکو برەودان بوو بە فۆرمێک لە پشت بەخۆبەستنی ئابووری و کشتوکاڵی. لە ئێستادا و لە ڕۆژگار و ژینگەی سەرمایەداری جیهانیدا، بەتایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەدەستهێنانی ئەم پشت بەخۆبەستنە لە مەحاڵەوە نزیکە**

دەوڵەتـــان و کۆمپانیاکانەوە ئەنجام دەدرێن. ئێمە ناتوانین لەســـەر ئەو بنەمایە ڕەفتار بکەین کـــە زانیاریمان نییە، چیتر تیۆری مارکسی لەبارەی هۆشیاری ساختەوە پیادە و جێبەجـــێ نابێت. کەواتە دەبێت ئەو پرســـیارە بکرێت، بۆچی ئێمە هیـــچ کار و کردەوەیەك ناگرینەبەر؟ بۆچی ئێمە هەســـت دەکەین لە ڕووی سیاســـییەوە بێدەرەتانین؟ ڕەنگە لە ماوەی کاردا جۆرێك لە کۆیلایەتی خۆبەخشی لە ئارادا بێت، کە تێیدا ئارەزوی ئەوە بکەین باڵادەســـتی هەبێت بەســـەرمانەوە، ڕەنگە پرســـێك بێت پەیوەست بێت بـــە خەمســـاردی و ڕاهاتن بە ملکەچبوونـــەوە، ڕەنگە مەسەلەکە بریتی بێت لەوە کە لە بەردەستدا بوونی زانیاری و مەعریفـــەی زۆر خۆی لە خۆیدا مایەی بێدەســـەڵات کردن بێت. لە ڕۆژگاری ئێستادا و لە هەموو شوێنێکیدا پووکانەوەی وێناکردنی سیاسی دەبینین، هەروەها هەستی ئەوەی بەردەوام ســـەرنجەکانت پەرت دەبێت و بەهۆی ئەو زانیارییانەوە کە بەردەوام بەســـەرماندا دادەبارێن، زیاد لە پێویست هان دەدرێین.

*** ئەو وڵاتانەی کۆلۆنی کراون، یاخود ئەو نەتەوانەی بێ دەوڵەتن، بە ئامانجی بەدەســـتهێنانی سەربەخۆیی شـــۆڕش بەرپا دەکـــەن، بۆ نموونە گانـــدی لە پێناوی بەدەســـتهێنانی ئازادی هیندستان شۆڕشی کرد، جۆرج واشنتۆن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە بەرامبەر کۆلۆنیالی بەریتانـــی، بە بۆچونی ئێوە، ئایـــا تا چ ڕادەیەك ئەو شۆڕشـــانەی ئامانجیان بەدەســـتهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە بە قۆناغی سەخت و پڕ لە تەحەددیدا تێدەپەڕن؟**

- فرانز فانون لە کتێبەکەیدا بە ناوی «Wretched of the Earth» لە بارەی ئەم پرســـەی نوسیووە. ئەو باســـی لەوە کردوە کە خەباتی ڕزگاری نیشـــتمانی لە جەزائیر لە دژی فەرەنسا ڕووبەڕووی چەندین تەحەددی دەبێتەوە، مەترســـیدارترینی ئەو تەحەددییانەش ئەوە بوو کە لە دوای دەرپەڕاندن و کۆتایی هێنان بە دەســـەڵاتی کۆلۆنیالی هاتەئاراوە و ڕوویدا. یەکێك لەو تەحەددییانە ســـەرهەڵدانی ئەو مەترســـییە بوو کە خودی شۆڕشی فەرەنســـی خۆی ڕووبەڕووی ئەو مەترســـییە بۆوە کە لەلایەن نوخبەی نیشتمانی بۆرجوازییەوە دەستی بەسەردا بگیرێـــت و ئاوێتە بکرێت، کە بـــە ئەندازەیەکی گەورە ڕۆچووبوونە کەلتووری ئەورووپییەوە و زۆر دابڕابوون لە ژیانی جوتیاران لە ناوچە گوندنشینەکاندا. مەترسییەکی مەزنی دیکە بریتی بوو لەوەی کە وڵاتە تازە ئازادکراوەکان بکەونە داوی گەمەی هێـــزی جیۆپۆلەتیکییەوە کە لە نێـــوان هێزە گەورەکاندا لە ئارادا بـــوو، هەروەها بکەونە نێو تۆڕی سیستمی سەرمایەداری بە جیهانی بوونەوە، بەهۆی دواکەوتوویـــی ئابوورییانەوە، ئەوا دووبارە دەبوو پشت بە هێزە کۆلۆنیالییەکانی پێشوو ببەستن کە خۆیان لە دەســـتیان ڕزگارکربوو. کەواتە بە دەربڕینێکی دیکە، پاشکەوتوویی ئابووری و ئیستیغلالکردنی سەرمایەداری دەگۆڕا بۆ جۆرێکی دیکە لە کۆلۆنیالیزم. لە تێڕوانینی فانـــەوە، یەکێك لـــە تەحەددییەکانـــی وڵاتانی دوای کۆلۆنیالی، بریتی نەبوو لە دروستبوونی ناسنامەیەکی کەلتووری و سەربەخۆ، بەڵکو بریتی بوو لە دۆزینەوەی فۆرمێك لە پشت بەخۆبەســـتنی ئابووری و کشتوکاڵی. لە ئێستادا و لـــە ڕۆژگار و ژینگـــەی ســـەرمایەداری جیهانیدا، بەتایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەدەستهێنانی ئەم پشت بەخۆبەستنە لە مەحاڵەوە نزیکە.

> لە ڕۆژگاری ئێستادا و لە هەموو شوێنێکیدا پووکانەوەی وێناکردنی سیاسی دەبینین، هەروەها هەستی ئەوەی بەردەوام سەرنجەکانت پەرت دەبێت و بەهۆی ئەو زانیارییانەوە کە بەردەوام بەسەرماندا دادەبارێن، زیاد لە پێویست هان دەدرێین

*** جیهان بە گۆڕانکارییەکی جیوپۆلەتیکی گەورەدا تێدەپەڕێت، بەتایبەتی ئەم گۆڕانکارییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا بەدی دەکرێت و دەبیندرێت، لەم بەشـــەی جیهاندا چەند نەتەوەیەك هەن کە بۆ سەدان ساڵە شۆڕش بەرپا دەکەن، ئێســـتاش ئەوان ئەو بارودۆخەی دروســـت بـــووە بە دەرفەتێك دەزانن بـــۆ هێنانەدی خەونی خۆیان کـــە بریتییە لـــە دروســـتکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان کە نموونەی بەرچاویان شۆڕشەکانی کوردە. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم گۆڕانکاری و تاڵ و گۆڕانە دەرفەتن بۆ ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەت نین؟**

> تەنها کلیکێک بەسە بۆ ئەوەی زانیاری تەواومان لەبارەی سەرجەم جیهانەوە بێتە بەردەست. ئێمە تەواو هۆشیارین بەو ئابڕووچوون و گەندەڵییانەی کە کەسانی دەسەڵاتداری تێوەگلاون

- کەیســـی کوردســـتان و خەباتکـــردن لـــە پێنـــاو بەدەســـتهێنانی خۆبەڕێوەبەری بۆ خەڵکی کوردســـتان جێی بایەخپێدانێکی تایبەتییە، لەبەر ئەوەی ئەم خەباتە بەرجەســـتەبوونی ئەگەری ئایندەیەکی سیاســـیی نوێ دەهێنێتە ئاراوە. چونکە ئەو بارودۆخە نائاســـاییەی کە خەڵکی کوردستان خۆیان تێیدا بینیوە و تێیدا دەژین- کە لەلایەن چوار وڵاتەوە دوچاری ســـەرکوتکاری هاتوون- ئەوا خەونی شۆڕشـــگێری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەری- واتە یەکخستنی ناسنامەی نەتەوەیی و خەڵکەکە لە چوارچێوە و بونیادێکی سیاسی و ئیداریدا- کارێکی عەمەلی نییە. ڕەنگە پێویست بەوە بکات خەونەکە لە هێنانەدی فۆرمێکی نوێدا بەرجەستە بێت، فۆرمێك بۆ ئەوەی پێکهاتەکان لە چوارچێوەیەکی دیموکراتـــی و ئۆتۆنۆمیدا لە ناوچەدا پێکەوە هەڵبکەن، ئەویش بە شـــێوازێکی نامەرکەزی و دیموکراتییانە. بێ ئەنـــدازە گرنگە کە مافە کەلتـــووری و ئابوورییەکانی کوردەکان بپارێزرێن. ئەو پرسیارە هەر دەمێنێتەوە کە ئایا دەوڵەتی نەتەوەیی تەنها چوارچێوەیەکە بۆ ئەنجامدانی ئـــەم کارە. ئەگەری ئەوە هەیە کـــە بەدیلی دوای ئەم تەرتیباتەش لە ئارادا بێت.

> لە ڕۆژئاوادا، کاریگەری شۆڕشی ئەنتەرنێت لەسەر سازدانی سیاسی زۆر زیاتر تەم و مژاوی و نارۆشنە

> بەهاری عەرەبی بە درێژایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ئەوەی خستەڕوو کە ڕۆحی شۆڕشگێری بە زۆری لەو شوێنانەدا ئامادەیە کە کەمترین پێشبینی ئامادەبوونی لێدەکرێت

# ڕێزگرتنی یاسا مەدەنییەکان

## بناغەیە بۆ ئازادییەکان و پلۆرالیزمی ڕۆشنگەری دەبووژێنێتەوە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

پێویستە لە عێراقی فیدراڵی جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەو هەقیقەتە و ڕێگاکە ڕاست بکرێتەوە، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی گوتارێکی ڕۆشنگەریی گونجاو لەگەڵ ئاڕاستەی سەرلەنوێ بەدامودەزگاییکردنی دەوڵەتـــی عێراق و لە ســـەر بناغەی کۆنفیدراڵی کە بە هۆیەوە ڕێـــز لەو هەمەجۆرییە بگیرێت کە کۆمەڵگەی عێراقی پێ دەناســـرێتەوە، بەهۆیەوە تاك تاکەی ئەندامانی کۆمەڵگە بە شـــێوەیەکی یەکســـان فرەیی و هەمە جۆری بپارێزن. مۆدێلی ئەدای کوردســـتان لەم ڕووەوە نموونەیەکی جوانە لەســـەر کاروانی چەسپاندنی یاسا مەدەنییەکان، کە پێویســـتە هەمووان بەو ئاڕاستەیەی کوردستان بڕۆنە پێشـــەوە، تا لە ئاســـۆیەکی فراوانتردا خۆیان ببیننەوە، هەروەها هێزەکانی تاریکی و شـــانە خەوتووەکانی تیرۆریســـتان لەناو ببەن، بەڵام لە ڕووی مەیدانییەوە لە بەشـــە عەرەبییەکەی عێراقدا یاســـاکان و پێڕەوکاریی مەدەنی پاشەکشـــەی زۆری کردووە، ئەو بەشەی عەرەبی لە عێراق بووەتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم هەمەڕەنگێتی نیشتماندا.

ئیشکالیەتی ڕێزگرتنی یاسا، نە ئەو بابەتە وورووژێنراوەیە کە جێگای گەنگەشە بێت، نە بابەتێکی تازە و نامۆیە، هەروەها لە ناو ئامرازەکانی پێناساندنیدا بابەتێکی ئاڵۆزیش نییە. یاسا لە داڕێژەرانییەوە هەڵدەقوڵێت، یا لە نوێنەرانی گەلەوە کە بەرجەستەی ڕوانینیان بۆ ژیان دەکەن، پێویستە ئەو یاسایە ببێتە ئاوێنەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ هەبوونی مرۆڤایەتییان، یاسا هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەرکەکانی ژیان و ئاراستەی پێوەندییەکان و کەفالەتی ماف و ئازادییەکان و زامنکردنیان لەوەی تەعەدایان لێنەکرێت، هەروەها بەپێی ئاستی گوزارشت لێکردنی وڵاتێك یاسا ڕێك دەخرێت، هەر بەو ئاستەش هەمووان پێوەی پابەند دەبن و درك بە سروشت و ئامانجەکانی دەکەن، درك بەوە دەکەن یاسا ڕێز لە خۆنان و بەرژەوەندی و ئاواتەکانیان بەرجەستە دەکاتەوە. زیاتر گەنگەشەکە لەسەر ئەوەیە چۆن یاسا وەك هەڵوێستێکی ئەرێنی بەکاردەهێندرێت، یان چۆن باز بە سەر دیسپلینەکانیدا دەدرێت و بە هۆیەوە مافی کەسانی تر دەلەوتێنرێت. سەرەڕای ئەوەش کە ڕێزگرتن لە یاسا بە بەردەوامی وەك بیروباوەڕ و میتۆدێکی مۆراڵیی ڕەفتارێکی ئاگامەندانەیە لەلای هەموو گەلان و ڕێزی لێگیراوە، پەروەردەی مەدەنی و ئایینی دروست بەردەوام پاڵپشت بوون بۆ هەڵوێستی ئەرێنییانەی پابەندبوون بەیاساکان و خەسڵەتەکانیەوە، لەبەر ئەوەی بە بنەڕەتی سەقامگیربوون و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دانراوە، ئەگەر ئەمە دروست بووایە، بۆ گەلانی دنیا لە پێڕەوکردنی چالاکییە ڕۆحییەکان ئەو مافە چەسپاوەیان هەبووایە، چ ئەو چالاکییانەی سرووتێکی ئایینی لە خۆ دەگرن، یا ئەوانەی پێوەندیدارن بە چالاکی ڕۆشنبیری و فراوانیی ئاسۆکانیەوە. لە ڕووی مەبدەئیشەوە هەموو ئەمانە ڕیزبەندی چەسپاندنی یاساکان و پێڕەوکردنی ئازادییەکان و مافەکانن لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەقانەی بەهایەکی باڵایان بۆ هەبوون و ڕێڕەوی پێشکەوتن هەیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕاستە ڕێی بەهادارانەی ڕەفتار لەوەدایە کە دەست بگیرێت بەو ڕیزبەندییەوە کە لە ڕێزگرتنی یاسا مەدەنییەکاندا بەرجەستە دەبنەوە، هەروەها زامنکەری ئازادی و مافەکانن و کۆمەڵگە لە دووبەرەکی دەپارێزن، بە واتایەکی فراوانتری زاراوەکە لەبەر ئەوەی دادپەروەریی و یەکسانی دەچەسپێنن، هەموو حاڵەتەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری لەسەر بناغەی ئایین و ڕەگەز دوور دەخەنەوە، ئیتر لە ژێر هەر بەهانەو ناوێکدا بن.

یاسا لە دەوڵەتی مەدەنیدا ئەو کۆڵەگە بنەڕەتییەیە بۆ بە مرۆڤبوون، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان و ڕەتکردنەوەی جیاکاریی بەهەموو شێوەکانیەوە، بەڵام لە وڵاتە ستەمکارەکاندا بەپێچەوانەی ئەمانەوە، یاسا دەربڕی شەرعیەتپێدانی بەهاکانی جیاکاری و لەوتاندنی ماف و ئازادییەکانە.

گەرچی شێوازەکانی ستەمکارێتی و جیاکاری ناچنەوە سەر یاساکانی دارستان و ئاژاوەچێتی و لە گرێژنە دەرچوون، کە بە هۆی نەبوونی یاساو کۆنترۆڵەکانیەوە تەشەنە دەسێنن، بەڵکو ستەمکاریی هۆیەکەی ئەوەیە، پشت بە یاسایەك ببەستێت کە بە تاکگەرایی ڕابردوویێکەوە داڕێژرابێتەوە کە بنەچەکەی بگەڕێتەوە بۆ زەمانی دەوڵەتی ئایینی، ئیتر لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت، ئەمەش لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی جیاکاری کردن لە نێوان هاووڵاتیان، لە ڕێی ئەرکە سیاسییەکانی کە لەژێر پەردەی ئایینەوە بەهانە بۆ خۆیان دێننەوە.

ئەو یاسایانەی کە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەهێنجرێن، ئەو گرێبەستەی لە ناو وەچەکانی یەك نیشتمانن، یان لە ناوەندی کۆمەڵگەی هاوچەرخی مرۆڤایەتییەوە دێنە دەرەوە، تێکڕایان کۆمەڵێك خاڵن کە کۆك بوون و سازانێکیان هەیە، لەژێر ڕۆشنایی بونیادی دەوڵەتدان و پشتبەستراون بە لائیحەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی و پلەی دوور، یان نزیکبوونیان لە چەسپاندنی بەهاکانی هەبوونی هاوچەرخانەی مەدەنییەتی مرۆڤەوە.

ئەو هەبوونە ئینتیما دەکاتەوە بۆ سەردەمی هاوچەرخ، بە هەموو ئەو ناواخنەی هەیەتی لە گەشەکردنی گوتاری بە مرۆڤبوونمان و بە دەستپێوەگرتنمان بۆ دادپەروەری و یەکسانی و لاکردنەوە بۆ هەموو ئەو داخوازییە مرۆڤایەتییانەی هەیە. بەمەرجێ ئەمە لەسەر حیسابی ئەویدی نەبێت، بەڵکو بە شێوەیەك بێت ڕێز بۆ ئەویدی دابنێت و داخوازییەکانی تایبەت بە بەهای یەکسانی و دادپەروەریی دروستانە داڕێژرابن.

ئەم ئاڕاستەگیرییە مەدەنییە و سووربوون لەسەر چەسپاندن و پێداگیری بۆ بونیادنانی دەوڵەتی مەدەنی، باشترین دەرفەتێك دەڕەخسێنن تا ڕێزی ڕاستەقینەی پلۆرالیزمی و هەمەڕەنگی بڕەخسێت و لە جیاکارییەکان دوور بکەوینەوە، بەڵام دیاردەکانی دەستگرتن بە دەسەڵاتی تاکڕەوانەوە کە دەچێتەوە سەر گوتاری ئایینی و مەزهەبی، یان فەلسەفی تاکڕەوانە پلۆرالیزمی تێکدەشکێنێت، ئەو پلۆرالیزمیەتەی گەوهەری هەبوونی مرۆیی و ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و ئیتنی و ڕۆشنگەریمانە، ئەگەر تاکڕەوەکان لەسەر ئەو

**ئەوانەی لەبن لەچک و لەژێر دیزداشەدا هاتوهاواریانە ئەم هاوارکردنەیان بۆ داپۆشینی ئامانجێکی سیاسییانەیە کە دەیانەوێت شەرعییەت بۆ یاساکانی جیاکاری بدۆزنەوە**

**پێویستە هەمووان وەکو یەک و بە جیاوازی ئینتیما و تەوژمەکانەوە، ڕووبەڕووی ڕۆحیەتی تاکڕەوانە و خۆبەزلزانی و جیاکاریی ببینەوە و پێکەوە گوێ لەدەنگی ڕێزگرتن لەو یاسایانە بگرین کە مەدەنییەتمان دەچەسپێن**

پلۆرالیزمیەتەش بدوێن، ئەوا بە فیز و لووتبەرزانەوە وەك چۆن خێرێك بە بەرانبەر بکەن، بەو شێوە لەوتێنەرانە لێی دەدوێن، زۆر بەهانە و پاساویش بۆ ئەو شێوە ڕوانینە دەدۆزنەوە و لە ژێر جۆرەها ناودا کە ئیسقاتی ئایینی بناغەی ئەم پاساوانەیە. بەڵام بۆچی ئەم مرۆڤە خۆی نوێنەری خوا بێت و پیرۆز ڕاگرانی خۆی لەسەر زەوی پێویست بێت، چۆن ڕێ بە خۆی دەدات دەسەڵاتی ڕاڤەکردن و شرۆڤەکاری تاکڕەوانە بە خوێندنەوەکانی بدات؟

مافی هەر کەسێکە کە بڕوا بە ئایین، یان مەزهەب، یان فەلسەفەیەك بهێنێ کە خۆی بە باشی دەزانێت، بەڵام ئەو کەسە مافی ئەوەی نییە بڕواکەی خۆی بەسەر کەسانی تردا بسەپێنێت. دەوڵەتی مەدەنی و یاساکانی مافی بڕواهێنان بۆ هەمووان زامن دەکەن، بەڵام سەپاندنی بیر و ڕوانینێك، یان بڕوا و سرووتێکی تایبەت بەسەر ئەوانی تردا ڕەتدەکەنەوە، بەپێچەوانەی دەوڵەتی ئایینییەوە کە پاڵپشتە بۆ جیاکاری و پاوانخوازی و سەپاندنی بڕوای لایەنێك بەسەر ئەوانی تردا، هەر بە بازاڕکردنێکی یاساکان بۆ خاتری لایەنێك بە میکانیزمەکردنی ستەمی سیاسییە، ستەمێك بەو پاشخانە ئایینییەوە کە خۆی دەکاتە نوێنەری خواوەند بەسەر زەوییەوە.

> **لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا یاساکان و پێڕەوکاریی مەدەنی پاشەکشەی زۆری کردووە، ئەو بەشەی عێراق بووەتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم هەمەڕەنگێتی نیشتماندا**

بە دیاریکراوی هیچ چارەیەکمان لە بەردەم نییە، جگە لە گەڕانەوە بۆ میتۆدی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە لە یاسا مەدەنیەکاندا بەرجەستە دەبنەوەو خاڵە هاوبەشەکانی پێکەوەژیان لەسەر بناغەی دادپەروەری و یەکسانی جەخت لێ دەکەنەوە، هەروەها جەخت دەکەنەوە لە برایەتی نێوان مرۆڤایەتی کە جیاکاری لە نێوان کەسێك بۆ کەسێك ناکات. لە دەوڵەتی دیموکراتیکدا ئەمە حەقیقەتە، نەك بەلاڕێدابردن و خۆپیشاندان لەسەر وتنەوەی شتێك کە درۆ بێت، یاسا مەدەنییەکان هۆکارێکن بۆ بووژانەوەی ئەم پلۆرالیزمیەتە و ڕێزلێگرتنی و پاراستنی.

لە دەروازەی جەختکردنەوە لەسەر حاڵەتی پەشێوی لایەنگرانی ئایین و مەزهەبەکان وای دەبینینەوە کە ئەنجامدەری تاوانن لەو کۆمەڵگەیانەی ڕۆشنبیرییەکی تاکڕەوانەی لووت بەرزانەی لایەنێکی دەستڕۆشتوو (بەهۆی چەندایەتی ژمارەکەیانەوە) یان بەهۆی پاوانخوازی کەسانێك کە ستەمی زۆرینە بەرجەستە دەکەنەوە و کۆمەڵگەکە دەشێوێنن، ئەو ستەمەی کە لە دەسەڵاتی یاسایەکەوە دروست دەبێت، کە یاساکە مەحکوومە بە پاشخانێکی ئایینی بە وەهم کراو، یان لە دەرکردنی گوتاری ئەندامانی کۆمەڵگەیەکەوە کە لەژێر چارشێوی دیزداشە و لەچکی ئاینی خۆیان دەشارنەوە.

گەر دیقەت بدەین لە چۆنیەتی چارەسەرکردنمان بۆ ئەم حاڵەتە پێویستە لە سەرەتاوە دوور بکەوینەوە لە شۆڕبوونەوە بە ناو بڕوا و ڕێبازەکەدا، چونکە لە ناواخندا هەموو ئایین و بیروبڕوایەك بۆ ئەوە هاتوون کە کاروباری نێوان مرۆڤەکان چاك بکەنەوە، برایەتی بخەنە نێوانیان و جیاکاری لە نێوان مرۆڤێك و ئەوی تردا نەهێڵن، بەڵام ئەوانەی لەبن لەچك و لەژێر دیزداشەدا هاتوهاواریانە ئەم هاوارکردنەیان بۆ داپۆشینی ئامانجێکی سیاسییانەیە کە دەیانەوێت شەرعییەت بۆ یاساکانی جیاکاری بدۆزنەوە، واتە بەشێوەیەك لە شێوەکان فرەیی و هەمەڕەنگی تێکبشکێنن.

> **هەموو ئایین و بیروبڕوایەک بۆ ئەوە هاتوون کە کاروباری نێوان مرۆڤەکان چاک بکەنەوە، برایەتی بخەنە نێوانیان و جیاکاری لە نێوان مرۆڤێک و ئەوی تردا نەهێڵن**

هەموو دەقەکان لەناو هەموو ئایینەکاندا ئاماژەیان داوە بە برایەتی نێوان مرۆڤ و یەکسانبوونی دادپەروەرانە لەنێوان مرۆڤەکاندا کە بە هۆیانەوە نەتەوە و هۆزەکان دروست بوون و یەکتر دەناسن و پێکەوە دەژین، نەك لە دژی یەکتر بووەستنەوە و ستەم لە یەکتر بکەن، وەك چۆن ئێستا تیرۆریست و تایەفەگەرییەکان هەندێك وتەزای ئایینییان دەرهێناوە، تاوەکو بەهانە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بدۆزنەوە، مادام بەهای پێکەوەژیان و لێبووردەیی و لۆژیکی عەقڵ گەوهەری نەخشەڕێژکردنی ڕێگەکانی ژیانە، ئەویش بەپێی ئەزموونە مرۆڤایەتییەکان، بەڵام هەموو ئەو ئەزموونانە نەیانتوانیوە ڕێ لەو بیرۆکە تاکگەرا بەفیز و لووتبەرزانە بگرن، کە نان و ژیانیان لەوەدایە چۆن ستەم بکەن لە هەمەڕەنگی و فرەیی مرۆڤایەتی، کە ئەوەش بەپێچەوانەی گەوهەری بوونەوەیە.

لە عێراقدا کۆمەڵگەکە بەوە دەناسرێتەوە کە لە لایەنگیری کردنیاندا فرەییە، ئەمەش هەر لە گەلانی سۆمەرییەوە کە پێش هەزار ساڵ لەمەوبەر هاتوون، لەسەر بنەڕەتی برایەتی و یەك چارەنووسی ژیاون، بەڵام ئەم یەکتا چارەنووسییە ئەوەیە ڕێز لە فرەیی و هەمەجۆری بگیرێت و مرۆڤایەتی دەوڵەمەند بکات.

لە عێراقی تازەدا دەوڵەتی عێراقی لە سەر بناغەی دارشتەیەکی یەکەمین دەستووری عێراق لەدایکبووەتەوە کە تەبەنای شۆڕشێکی نیشتمانی و دیموکراتیانەی لە ١٤ی تەممووزدا کردووە، کۆمەڵێك یاسای مەدەنی داناوە، کە ئازادییەکانی هەموو جۆرە توێژێکی گەلی تێدا ڕەنگ داوەتەوە، بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەدارشتەی دەستووری ٢٠٠٥ جەخت لەمە کراوەتەوە، لەسەر بوونیاتێکی فیدراڵییانە کە گوزارشتە لە مافی چارەی خۆنووسین و یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە لەلایەك، هەروەها لەلایەکی ترەوە گوزارشتە لە نەهێشتنی جیاکاری لە

نێوان وەچەکانی عێراقی فیدراڵی و ئەو جیاکارییانەی بە هۆی پاشخانە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبیەکانەوە دروست دەبن. هەروەها هەر گوتارێکی تاکڕەوانەی قەدەغە کردووە کە ببێتە هۆی ئەوەی پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکان بە کەم و سووك تەماشا بکرێت، یا لە ناو ببرێت، یا بە کۆیلە بکرێت. پێویستی دەکرد دارشتنەوەی دەستووری ٢٠٠٥ لە ژێر چەتری ئەو یاسایانەدا ئەم هەمەجۆرییە لە سەر بناغەی مەدەنییەتی دەوڵەت بپارێزێت، ئەویش بە بنەماکانی مەدەنییانەی گوتارێکی رۆشنگەرانەی چەسپاو لەسەر رێزدانان بۆ هەمەجۆری و بووژانەوەی چالاکییەکانی، بە شێوەیەك کە لەگەڵ هەموو ڕەنگ و لایەنگیرییەکانی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە بگونجێت، بەڵام بە هۆی قۆرغکردنی هەندێك بڕگە تێیدا، کە پەنجە رادەکێشێت بۆ رێزگرتنی سرووتەکان و مافی پیادەکردنی لەلایەن لایەنگرانیەوە، کەفالەتکردنی ئەو پیادەکردنە بەو ئازادییەی بینیمان، هەندێك هەن ئەو بڕگانە دەکەنە هەنجەت بۆ ئەوەی پیرۆزی ئایینی بە سەردا بخەن و لەسەر حیسابی جیاکاریی سیاسی و تایەفەگەری چەندین گرووپ بۆ دووبەرەکیکردن دروست بکەن، کە لە دەرئەنجامدا ئەو گرووپانە دەبنە زۆنگاوێك بۆ هەڕەشە و هەڵگیرساندنی شەڕی بەردەوام. ئەم بڕگانە دەروازەیان کردۆتەوە بۆ زەمینەسازاندنێك تا سوپای سەربەخۆیان دروست بکەن و دواجار ببنە باڵی ستەمکاری و لەوتاندنی مافی ئەوانیتر و جیاکاریکردن، ناڕاستەوخۆ دەچنە ژێر باڵی هێزەکانی تاریکی و وەحشیانە تاوان دەرهەقی کەسانی تر ئەنجام دەدەن، ئێستا بە ناوی ئایینەوە (بە ناوی ئیسلامەوە) لایەنگرانی ئایینێکی تر بە کۆیلە دەکەن (بە نموونە کوردی ئێزیدی ) هەروەها بە ناوی ئیتنەوە تیرۆریستە توندڕەوە تەکفیرییەکان تەنیا جیاکاری ناکەن، بەڵکو لە هەڵمەتێکدان بۆ جینۆساید و پاکتاوکردنی رەگەزیی و ئەنجامدانی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، وەك بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ئەتککردن بە ناوی شەرعەوە، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆیان لە ویستی خودا بەرجەستە بکەنەوە و خۆیان بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دابنێن بۆ ئەنجامدانی ئەم رەفتار و کارە ناشیرینانە. کەواتە کێشەکە تەنیا لە سنووری رێزگرتنی یاسا راناوەستێت، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە رێز لە چ یاسایەکیان بگرین و کامیان سەربخەین، بە سروشتی حاڵ جەخت لەسەر چارەسەرێك دەکەینەوە کە ئەویش حەتمیەتی رێزگرتنە لە یاسا مەدەنییەکانی دەوڵەت، ئەو یاسایانەی رێز دادەنێن بۆ بنەماکانی مافی مرۆڤ، هەروەها مرۆڤ وا لێدەکەن رێزبگرێت لە بنەماکانی دادوەری و یەکسانی و هەموو شێوازەکانی جیاکاری رەتدەکاتەوە. کەواتە رێز بۆ یاسا مەدەنییانە دادەنێت کە لە دەفرێکدا هەبوونی مرۆڤ وەك یەك تەماشا بکات. لە ژێر رۆشنایی ئەمەدا پێویستە لە عێراقی فیدراڵی جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەو هەقیقەتە و رێگاکە راست بکرێتەوە، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی گوتارێکی رۆشنگەریی گونجاو لەگەڵ ئاراستەی سەرلەنوێ بەدامودەزگاییکردنی دەوڵەتی عێراق و لە سەر بناغەی کۆنفیدراڵی کە بە هۆیەوە رێز لەو هەمەجۆرییە بگیرێت کە کۆمەڵگەی عێراقی پێ دەناسرێتەوە، بەهۆیەوە تاك تاکەی ئەندامانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی یەکسان فرەیی و هەمە جۆری بپارێزن. مۆدێلی ئەدای کوردستان لەم ڕووەوە نموونەیەکی جوانە لەسەر کاروانی چەسپاندنی یاسا مەدەنییەکان، کە پێویستە هەمووان بەو ئاراستەیەی کوردستان بڕۆنە پێشەوە، تا لە ئاسۆیەکی فراوانتردا خۆیان ببیننەوە، هەروەها هێزەکانی تاریکی و شانە خەوتووەکانی تیرۆریستان لەناو ببەن، بەڵام لە رووی مەیدانییەوە لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا یاساکان و پێڕەوکاریی مەدەنی پاشەکشەی زۆری کردووە، ئەو بەشەی عەرەبی لە عێراق بووەتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم هەمەڕەنگێتی نیشتماندا. ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە لەسەر یەك خاکی نیشتماندا دەبیندرێت، بۆیە پێویستە هەمووان وەکو یەك و بە جیاوازی ئینتیما و تەوژمەکانەوە، رووبەڕووی رۆحیەتی تاکڕەوانە و خۆبەزلزانی و جیاکاری ببینەوە و پێکەوە گوێ لەدەنگی رێزگرتن لەو یاسایانە بگرین کە مەدەنییەتمان دەچەسپێنن، ئەوەش ئامرازی چارەسەرە بۆ دروستکردنی پێوەندی مرۆڤانەی دروست، کە لە یاسا مەدەنییەکان و رۆشنگەرییەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە، بەرگری لەم ئاراستەیە بکەینەوە بە ناردنی مەسیجی برایەتی نێوان هەموو پێکهاتەکان، تا هەمووان سەلامەت بن و نەکەونە سەر گوریسی بیروبڕوایەك کە بەهانە بۆ شەڕ بدۆزێتەوە، یان لەڕێی گوتارێکی تەمومژەوە کە تۆمەت ببەخشێتەوە بەسەر ئەوانی تردا، یان چەندین ریزبەندیی دروست بکات تا لەپشتیانەوە یاساکانی جیاکاری بورووژێنێت، یان نەکەوینە پشت ڕۆشنگەرییەك کە بە بەرگێکی ساختە لە پشت ئایینەوە خۆی مەڵاسداوە، پێویستە لە بەرامبەر ئەم ئیشکالیەتە و ناوەڕۆکی چارەسەرەکەی وشیار بینەوە، رەنگە بتوانین بەم هەوڵە سەرەتاییە لایەنێکی گرفتەکە چارەسەر بکەین.

**بە دیاریکراوی هیچ چارەیەکمان لە بەردەم نییە، جگە لە گەڕانەوە بۆ میتۆدی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە لە یاسا مەدەنییەکاندا بەرجەستەدەبنەوە و خاڵە هاوبەشەکانی پێکەوەژیان لەسەر بناغەی دادپەروەری و یەکسانی جەخت لێ دەکەنەوە**

**دیاردەکانی دەستگرتن بە دەسەڵاتی تاکڕەوانەوە کە دەچێتەوە سەر گوتاری ئایینی و مەزهەبی، یان فەلسەفی تاکڕەوانە، پلورالیزمی تێکدەشکێنێت**

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارک**